# ژانرە ئەدەبییەکان

سمکۆ محەمەد

# ژانرە ئەدەبییەکان

٢٠٢٠

| | | |
|---|---|---|
| ناوی کتێب | : | ژانرە ئەدەبییەکان |
| بابەت | : | ئەدەبی |
| نووسەر | : | سمکۆ محەمەد |
| تابلۆی بەرگ | : | کاندینیسکی |
| پیتچنین و هەڵەچن | : | نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ | : | شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : | ١٠٠٠ دانە |
| چاپ | : | چاپی یەکەم |
| نرخ | : | ٣٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٢٨٠٠)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# پێشەکی

ئـەوەی کـە هانیـدام موناقەشـەیەک لەسـەر ئەدەبیـات بکـەم، بەشـێکی پەیوەندیـی بـەوە هەبـوو کـە زۆر لـەو چەمکـە فکرییـە ئەدەبیانـەی لەدونیـای ئێمـەدا کاری پێدەکـرێ، نەکاملـن و نەتێگەیشـتنێکی تـەواوی لەبـارەوە هەیـە، بەتایبەتـی بـۆ نـەوەی نـوێ کـە سـەروکاریان لەتـەک ئەدەبـدا هەیـە، بەشـەکەی دیکـە ئەوەیـە کـە موناقەشـەی ئەدەبـی کەمتـر دەبینرێـت لەدونیـای ئەدەبـی کوردیـدا، هەڵبەتـە ئەمـە ئـەو موناقەشـە قوڵـە نییـە کـە فەوزایەکـی ئەدەبـی درووسـتبکات، بـەڵام هەرچۆنێـک بێـت لانیکـەم دەستنیشـان کـردن و پێناسـەکردنێکی کورتـی ئـەو چەمکانەیە کە لەنووسین و خوێندنەوەی دەقدا دەبینرێت و هیـچ باگڕاوندێکیـان بۆدیـاری نەکـراوە.

قسـەکردن لەسـەر دەقـی دەربـار و دەقنووسـی کـورد، وەکـو جۆرێـک لەتابـۆ دیاریکـراوە و بووەتـە هێڵـی سـوور، ئـەوەش کـە جـار بەجـار رچەشـکێنی کـردووە و لەسـەر شـاعیری دەربـار شـتی نووسـیووە، هێنـدەی

لەژێـر کاریگـەری سیاسـەت و ئیدیۆلـۆژی بـووە، یـان سـەرچاوەکەی لەکۆنـە قینـەوە بـووە، هێنـدە مەبەسـتی خزمەتکـردن نەبـووە بەئەدەبیـات و دەرهاویشـتەکانی دیکـەی، ئەمـە لەحاڵێکـدا شـاعیری دەربـار لـەدەروەی دونیـای ئەدەبی کـوردی، مێژوویەکـی هەیـە و لەوانـەش نموونـەی بەشـێک لەشـاعیرەکانمان هێناوەتـەوە.

بەشـێکی دیکـەی ئـەو چەمـک و دەسـتەواژانەی کـە لەدونیـای فکـری ئەدەبیـدا بەکاردێـت، لێـرەدا تێشـکمان خسـتۆتە سـەری، لەوانـەش (دەق و دانـەر و سـتۆری و دەقاوێـزان و دەقـی فۆرمالیسـتی و هایکۆیـی و دەقـی سـایکۆلۆژی و هتـد بـوو، مەبەسـتەکەش ئەوەیـە کـە هەریـەک لـەو چەمکـە فکریانـە لەفۆڕمـی دەقەکانـدا بەکارهاتـووە، بـەڵام پێناسـە نەکـراوە تاکـو خوێنـەر بتوانـێ پۆلێنیـان بـکات و مەعریفەیەکـی لەبـارەوە بزانـێ.

ئەخلاقیاتـی خوێندنـەوە، یەکێـک لـەو وتارانەیـە کـە قسـەی زۆری لەسـەر کراوە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی بەنـاوی خوێندنـەوەی دەقـەوە، بەسـتایلێکی کلاسـیکیانە مامەڵـە لەتـەک دەقـدا دەکات، بـۆ نموونـە ئێسـتاش هەنـدێ خوێنـەر هـەن کـە هێنـدەی بـاس لەدەقنـووس و ژیانـی تایبەتـی و مەبەسـتگەرایی دەنووسـن، هێنـدە بـاس

لەجەوهــەری دەقەکــە و تەکنیــک و نووســینی دەقــەکان ناکــەن، لەحاڵێکــدا ئــەم ســتایلە لەدونیــادا نەمــاوە و ناخوێنرێتــەوە، تائەو رادەیــەی وەکو کۆمیدیایــەک تەماشــا دەکرێــت.

بەهەرحــاڵ ئــەم هەوڵــە بەهەمــوو کەموکورتییەکیــەوە بایــی هێنــدە نەفعــی هەیــە کــە ببێتــە بنچینەیــەک بــۆ خوێنــەر و وەڵامێکیــش بــۆ ئــەو بەنــاو خوێنــەر و بەنــاو رەخنەگرانــەی کــە بەهەڵــە مامەڵــە لەتــەک ئــەو چەمکــە فکریانــە دەکــەن کــە هاوردەکراوەتــە نێــو دونیــای ئەدەبــی کــوردی.

**سمکۆ محەمەد**

## دەق و خوێندنەوە

**«ناتوانین دووجار لەرووبارێکدا بپەڕینەوە»**

هیراکلیتس

پەیوەندیی نێوان دەقی نوێ و خوێنەری نوێ، وەک پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و بەردەوامی ژیانە، مەبەستم لەهەردوو جۆری خوێندنەوەیە، یەکەمیان ئەو خوێنەرەیە کە عیشق لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات و خوێنەری بەردەوامی روحی یە، ئەوی تر ئەو خوێنەرەیە کە روح دەخاتە بەر دەق و وەک جۆرێک لەپێویستیەکانی تری ژیان تەماشای دەکات، دونیای ئەدەبی کوردیش کە هێشتا نەبۆتە دونیایەکی فراوان و لەئاستی دونیادا ناسراوبێت، چونکە بەزمانی خۆی دەنوسێت و نەکراوە بە زمانەکانی دیکەی زیندووی دونیا و لە کتێبخانەی دونیادا کتێبی کوردی بەو زمانانە ناخوێنرێتەوە، بۆیە هێشتا لەئاستی لۆکاڵیدا ماوەتەوە لەلایەک، زۆر جاریش نادیدە دەکرێت و دەخرێتە پاشکۆی کایەکانی تر، بەمەش فەزای خوێنەر کاریگەری لەسەر فەزای دەق و دانەریش کردووە، ئەگەرچی

خوێندنــەوە لــەدەرەوەی مانــا ئاســاییەکەی، تائێســتا لەنێــو کایــەی ئەدەبی کوردیدا کەمتر قســەی لەســەر کراوە، بۆیــە کەمتریــش موناقەشــەی کــراوە و نــەوەی نــوێ شــارەزاییەکی لەمبارەیــەوە نییــە.

ئەدەبــی کــودی و دەقــی کــوردی لەبــەردەم چەندیــن ئیشــکالیاتی جۆراو جۆرە، یەکەمیــان ئەوەیــە کــە خوینەریک هەیە دەق دەناسێت و دەتوانێت هەڵسوکەوتی جددی لەگەڵ بــکات کەمتریــن بەهــای بــۆ دادەنــێ، چونکــە ئــەو فەزایــەی کەبۆ پەروەردەکردنی تــاک و شــارەزا بوون لەکۆی کایــەکان، پەروەردەیەکــی پــڕ لەکەموکوڕییــە.

دووەم ئەوەیە کە تائێســتا ئەدەبی کوردی و تایبەت بەدەقی کــوردی لەغیابــی رەخنەگــر و خوینــەری جــدی ژیــان دەکات، هــۆکاری ســەرەکی ئەمــەش ئەوەیــە کــە هێشــتا تاکــی ئێمــە گوێچکــەی بــەزاراوەی رەخنــە رانەهاتــووە، یــان رەخنەگرەکان پشــت بەمیتۆدێــک نابەســتن کــە لەگــەڵ کولتــووری ئەدەبــی کــوردی بێتــەوە، ئەمێنێتــەوە ســەر ئــەوەی خوێنەریــک هەیــە موتابەعــەی دەقــی ئەدەبــی دەکات کــە هیــچ شــارەزاییەکی لەســەر ئەدەبــی گــەلان و رابــردووی ئەدەبــی کــودی نییــە، ئەمــەش ئــەو ئیشــکالیاتە دەخوڵقینــێ کــە دەقــی کــوردی دووچــاری قەیــران بێــت.

یەکێکــی تــر لەئیشــکالیاتە ئەدەبیەکانــی کــوردی ئەوەیــە

کە فەزایەک درووست بووە گۆڤار و رۆژنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرترە لە گۆڤار و رۆژنامەی فکری و رۆشنبیری، ئەمەش وای کردووە کە خوێنەری رۆژنامە و گۆڤاری فکری و رۆشنبیری بکەونە پەراوێزەوە، تەنانەت رۆژنامەنووسی فکری و ئەدەبیمان نییە کە بەدوای دەقێک یان دەقنووسێکدا بگەڕێ و موناقەشەی ئەدیبێک بکات، ئەگەر لێرە و لەوێش هەبێت سەرکەوتوو نەبووە، چونکە بەگرنگ وەرنەگیراوە، هەر بۆیە خەریکە ئەدیبەکانیش بەلەدەستدانی خوێنەر و رەخنەگر لەئەدەب دوور دەکەونەوە، دیسان ئەمەش کارێکی وەهای کردووە کە بازاڕێک بۆ کەسانێک گەرم بێت کە هیچ لەبارەی دەق و ئەدەبەوە نازانن و کتێب چاپ دەکەن، هەڵبەت ئەم کەشوهەوایە خوینەری موزەیەف درووست دەکات و گورزێکی کوشندە لەئەدەبی کوردی دەدات، رەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەو فەزایە کاریک بکات کە بێبەرهەمی جددی، کاریگەری نێگەتیڤ درووست بکات بۆ دوارۆژ، ئەمە لەکاتێکدایە ئەدەب هیچی کەمتر نییە لەکایەکانی دیکە، ئەگەر زیاتر نەبێت.

ئەرکی سەرەکی بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم واقیعەی دونیای ئەدەبی کوردی، کارکردنە لەسەر نەوەی نوێ کە خوێنەرن و لەفەزایەکی خاڵیدا دەژین و بگەڕێنەوە بۆ نێو دونیای فکری ئەدەبی و لەوێوە تێکستی بەهێز و کاڵ جودا بکەنەوە.

## چەمکی ئەدەبی

لەناوەڕاستی دەیەی حەفتا تاکو دەیەی هەشتاکانیش، رەخنەی ئەدەبی کوردی گیرۆدەی ئەو چەمکە فکریانە بوو کە لەرۆژئاواوە دزەیان کردبووە نێو کایەی ئەدەبی کوردی، یەکێک لەو چەمکە فکریانە بونگەرایی (الوجودیة) بوو، بەڕادەیەک ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی کوردی، تائەو جیگەیەی ناو لەدەقیکی چیرۆک یان رۆمان و شانۆیی و شیعر دەنرا، دەقێکی بونگەرایی، تەنانەت دەقنووسەکەش بە کەسێکی بونگەرایی دەناسرا، لەحاڵێکدا ئەم بیرکردنەوەیە لەلای رۆژئاوایەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، یان باشتر بڵێین هیچ ئەدیبێک نە بڕوای پێمابوو، نەکاری پێدەکرا، بگرە ئەو چەمکانە کەوتنە بەر رەخنەی فکری ئەدەبیشەوە، بەڵام چونکە ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە لەپەراوێز و لەژێر کاریگەری رۆژئاوا و هەندێکجاریش لە ژێرکاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی بوو، بۆیە نەیدەتوانی بیرکردنەوەی پشت دەقەکانی خۆی بشکێنێ، یان خۆی لەو فەزا بیرکردنەوەیە رزگار بکات و

سەربەخۆیی ئەدەبی وەربگرێت.

ئەگەر کەمێک دوور کەوینەوە لەسەرهەڵدانی ئەم چەمکە، دەبینین کەسێکی وەک مارتن لۆسەر (١٤٨٣_١٥٤٦) کە چاکسازی لەسیستمی کەنیسەی ئەوکات کرد و بڕوای بەعەقڵ نەمابوو، لەباری زانستیشەوە کەسانی وەک (کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و نیوتن) بۆ گەردووناسی، هەروەها (پاسکال) (١٦٢٣_١٦٦٢) بەپێی هەندێ لەبیرمەندان کەسێک بووە پێش بوونگەرایی کەوتووە، چونکە متمانەی بە مرۆڤ نەمابوو.

ئەمەش ترسێکی لەفەزای بێکۆتایی جێکەوتە کردبوو کە چارەنووسی ئەدەبی مرۆڤ لەئارادابوون سەبارەت بەئیمان، کیرکەگۆرد لەرێگەی ئەو چیرۆکانەوە کە لەبارەی فیکرەوە قسەی لێکردووە شوناسێکی بەخۆی داوە، تاکو دەگەینە دیکارت کە بە سوقراتی دووهەم ناسراوە و بوو بە خاوەنی کۆجیتۆی (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئەمە سەرەتا بیرۆکەی نوێ و هاوچەرخ بوو بۆ بوونگەرایی.

بونگەرایی وەختێک هاتە کایەوە کە جەنگە جهانیەکان تەواوی سەر زەمینی داگیر کردبوو، لەم راستاییەشدا ئەدیبەکان وەک ئەلتەرناتیڤێکی فکری بۆ رەوشە سیاسییەکان، وەک ستایلێک وەریان گرتبوو کە جۆرێک

لەیاخی بوونی تاک بوو بەرامبەر بەهەلومەرجی ئەوکاتە، ئیدی تەرزیکی بەرچاو لەنووسەران و ئەدیبی ئەوکات کە پیشتر (کیرکەگۆرد) داهێنەری بوو هاتەپێشی، (رێنیە دیکارت) کەسێکە بەسوکراتی رۆژئاوا و پیشڕەوی فکر ناسراوە، چونکە خاوەن کۆجیتۆی خۆی بوو، بەرادەیەک بوونگەرایی بوو کە زۆرترین گرنگی بەتاک دەدا و بوونی لەبیکردنەوەی تاک دەبینی، لەسەدەی بیستەمیش (جان پۆڵ سارتەر) بەتایبەتی سەرمەشقیان بوو و بگرە دانەریشی بوو، لەئەڵمانیش کەسێکی وەک (هایدگەر) (١٨٨٩_١٩٧٦) ئەم مەزهەبە فکرییەی بەئاراستەیەکی تردا برد، لەژێر کاریگەری (هۆسرێل) بۆ فینۆمینۆلۆژیا و بایەخدان بە کێشەی بوون، تەنانەت ئەو شتیەڵکاریەی کە بۆ شیعرەکانی (هۆڵدرینی) دەکرد، جۆرێک بوون لەدەرهاویشتەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە.

ئەدەبی کوردی بەلەبەر چاوگرتنی ئەو مۆدێلە فکری و ئەدەبیە بوو کە گەرەکی بوو لاسایی رۆژئاوا بکاتەوە، بەڵام ناکام مایەوە، چونکە بیرمەندێکی نەبوو کە دامەزرێنەری ئەو چەمکە بێت یان تیئۆریزەی بکاتەوە جارێکی تر، کولتوور و فەرهەنگەکەشی رێگەی پێنەدەدا گەشە بکات، چونکە زاڵبوونی کولتووری ئاینی بەشێک بوون لەو فاکتەرە سەرکیانەی کە رێگەی لەبڵاوکردنەوەی

دەگـرت، هەروەهـا جۆرێـک بـوو لەیاخـی بوونـی تـاک لەبەرامبـەر کۆمەڵگـە، ئەمـە جگـە لـەوەی بەهاتنی چەمکی هەڵوەشـاندنەوە، خـودی ئـەو چەمکە پوچـەڵ بـووەوە، بۆیە هـەر ئەوەنـدە ڕێگـەی بـڕی کـە ڕۆشـنبیری نـوێ هاتـە نێو کایـەی ئەدەبـی کوردییـەوە، ئەویـش بەهـۆی ڕۆشـنبیری عەرەبـی کـە بەشـێکی گـەورەی لەپانتایـی ڕۆشـنبیری کـوردی داگیـر کردبـوو.

بەشـێک لـەو ئەدیبانـەی کـە لـە ساڵەکانی حەفتادا هەڵگری ئـەم فکرەیـە بـوون لەنێـو ئـەدەب، هـەر ئەوەنـدە توانیـان پەخشـی بکـەن تائـەو جێگەیـەی کـە هەسـتیان پێکـرد لـە نێـو فـەزای ئەدەبـی کـوردی هـەم مۆدێلـی نەمـاوە، هـەم مەحاڵـە جێکەوتـە بێـت و تـەرزی نوێـی ئەدیبـی کـورد بکەونـە ژێـر ئـەو کاریگەرییـەوە، تەنانـەت ئـەو گروپانـەش کـە قوتابخانـەی ئەدەبیـان درووسـت کـرد، بـۆ نموونـە ڕوانگەیـی و قوتابخانـەی کفـری و هەولێـر، هەمـوو ئـەو هەوڵانـە لەشـوێنێکدا پوچـەڵ بوونـەوە کـە تێگەیشـتنێک هاتـە ئاراوە کـە ئـەدەب بـەر لـەوەی هـەر پەیامێکی هەبێت، لەپەنـا هونەرەکـە کارێکـی هیومانیسـتی و ئیسـتاتیکییە و هیچـی تـر.

## دەق و دانەر

موناقەشـــەکردن لەســـەر هـــەردوو چەمکـی دەق و دانـــەر، موناقەشـــەکردنە لەســـەر بەرهـــەم، بۆیـــە دەبـیَ بـــەم پرسـیارانە دەسـت پێدەکەیـن، ئایـا دانـــەر کێیـــە و جێگـــەی دانـەر لەکوێـی جوگرافیـای دەقـدا دەبینـریَ؟ ئایـا هەرکەسـێک بابەتێکـی نووسـی دانـەرە؟، یـان دانـەر ئـەو کەســـەیە کـــە لـــەدەرەوەی خەیاڵـــی خوێنـــەر بەرهەمێـک دەبەخشـیَ کـە دواتـر خـۆی لێـی بەرپرسـیار نییـە ؟، یـان ئـەو کائینەیـە کـە چەمکـی ئەدەبی و فکری بەرهەمدینیَ ؟ ئـەم پرسـیارانەش لەبـەر رۆشـنایی بۆچوونەکانـی (میشـێل فۆکـۆ) موناقەشـــە دەکەیـن کـە لـە کتێبـی (وشـــەکان و شـــتەکان) ئامـــاژەی پێـداوە.

سـەرەتا لەوێـوە دەسـت پێدەکـەم بۆچـی کـە پرنسـیپێک هەیـە بـۆ دەق و بەهەمـان شـێوەش بـۆ دانـەر؟، ئەویـش خوێندنـــەوەی یەکەمیانـــە کـــە دەقەکەیـــە، دووەم خـــودی خـــاوەن دەقـــە، لەیەکەمـــدا مەســـەلە ئاشـــکرا کردنـــی جوڵـــەی دەقەکەیـــە کـــە خەیاڵـــی خوێنـــەر لـــە ســـنوورە

دروووســتکراوەکانەوە دەبزوێنــێ، هەرەوەهــا ئامــادەی دەکات بۆ نێو گەمـەی وشـە ریزکـراوەکان و ئەندێشـەی پشــتی دەق، دووەمیــش کــە دانــەرە ئــەو کائینەیــە کــە خاسـیەتێکی تایبەتــی هەیــە و لەنێــو پـڕۆژەی لێکۆڵینــە و رەخنــەی شــیکاریدا زیاتــر دەردەکەوێــت، ئەوکاتــەی دەبینیـن نووسـەر خـۆی لەپشـتی دەقیکـدا دەشـارێتەوە، لەحاڵێکدا ئـەم خۆشـاردنەوەیە تـا ئـەو جیگەیـە بـڕ دەکات کــە لەنێــو زمانــدا دەردەچێتــە دەرەوە، دواتــر ئــاوەڵا دەبێــت و لەفەزایەکــی تــر کــە نووســین رزگار دەکات لــە گوزارشــت، ئەمــەش تائــەو دەمــە بــەردەوام بــوو کــە ئەدەبــی کلاســیکی و قوتابخانــە کلاســیکییەکان قاچــی خۆیــان چەقاندبــوو، بــەڵام بەهاتنــی ئەندێشــەی نــوێ بــۆ نێــو فــەزای ئــەدەب، مەبەســتم لەئەدەبــی هاوچــەرخ و مۆدیرنــە، ئیـدی ئـەم بیرکردنەوەیـە کەوتـە بـەر رەخنـەی ئەدەبێـک کـە بارگاویـە بـە فکـر، مـن بۆخـۆم لایەنگـری ئـەوەم کـە شـیعر بەبێ باگڕاونـدی فکـری نانووسـرێتەوە و دەقیــش بەرهەمــی مەعریفەیــە و پەراوێزخســتنی ئــەو لایەنــەش، واتــە بەتــاڵ بوونــی دەقەکــە.

مەســەلەیەکی تــر هەیــە کــە زیاتــر (رۆڵان بــارت) موناقەشــەی کــردووە و پەیوەندیــی بەخــودی دانــەر یــان

بڵێم دەقنووسەوە هەیە، ئەویش نووسین و مەرگە، واتە مەرگی نووسەرە لەساتەوەختی دەربڕینی بابەتێک کە مۆری نووسەری پێوەدیارە، نەک ئەوەی پێشتر بیر لەوە دەکرایەوە کە دانەر بۆ نەمری خۆی دەنووسێ، لەحاڵێکدا نەمری نووسەر لەزیندەدو راگرتنی پاڵەوانی بابەتەکەدا زیاتر دەردەکەوێت کە نووسیویەتی، نەک خودی دانەر، بۆ نموونە داستانەکانی کریگ کە لە (ئیلیادە و ئۆدیسە) ی یۆنانی دەیبینین، یان ئەوەی لە (هەزار و یەک شەوەی) عەرەبیدا دەبینین، وەختێک شەهرەزاد هەتا بەرەبەیانی هەموو شەوێک بە گێڕانەوەی چیرۆک مەرگی دوور دەخستەوە لەخۆی، ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژیەیە کە دانەر بەبێ ئاگایی هەوڵی زیندوو راگرتنی خۆی دەدات، بەپێی قسەی فۆکۆ بێت، نووسین پەیوەستە بە قوربانیدان و سڕینەوەی خۆ ویستانە کە مەرج نییە لەتێکستێکدا بەرجەستە بکرێ، بۆیە لێرە چەمکێکی تر جێگەی ئەو ئیمتیازە دەگرێتەوە کە دانەر خەونی پێوە دەبینێ، ئەویش بەرهەمی ئەندێشەی فکری یە کە لەپشت دەقەوە وەستاوە، لەحاڵێکدا دیسان ئەو پرسیارە هەیە، ئایا کەسێکی ئەدیب هەر شتێکی نووسیوە مانای وایە بەرهەمی

هەیــە و هەموویــان بەرهەمــن ؟، ئایــا ئــەو کەســانەی یاداشــت دەنووســنەوە دانــەرن؟، یــان ئــەو دەقانــەی کــە دەبنــە ســەرچاوە و کاری پێدەکــرێ؟.

بێگومــان ئــەوەی کــە قســەی لەســەرە و دانەرەکەشــی ناتوانــێ بەرگــری لێبــکات، ئــەو دەق و دەقنووســەیە کــە نەخــودی دەقەکــە و نــە دانەرەکەشــی جێگــەی نابیتــەوە لــە زهنیەتــی خوێنــەردا، چونکــە نــاوی دانــەر نــاوی شوناسـێکە کـە دەردەشـەی فکـری ئەدەبـی دێنێتـە ئـاراوە، بەپێچەوانـەی ئەمـەش جاری وەهـا هەیە دانـەری باشـمان نییــە و شوناســی هەیــە، هەروەهــا دانــەری خراپمــان هەیـە و نـاوی زینـدووە، چونکـە میـزاج و گڵۆپـی سـەوز دەوری تێـدا دەبینـێ، بۆیـە دانـەر دەکەوێتـە بـەردەم ئـەو پرنسـیپانەی کـە بەبـێ هیـچ پاڵپشـتێک دەقەکـەی سـەنگی محەکـە.

## باوكسالاریّتی دەق

میژووی سەرهەڵدانی ئەدەبیات بەشێکە لەسەرهەڵدانی کایەی دەسەڵاتداریّتی، چونکە لەهەموو قۆناغەکانی میژووی بەشەرییەتدا، ئەدەب و دەقی ئەدەبی کاریگەری خۆی هەبووە، ئەمە ئەو راستیەیە کە دەیسەلمێنێ دەسەڵاتداریّتی بەدرێژایی شانزە سەدە بەدەست پیاوەوە بووە، هەروەها تۆتالیتالیتاریزم و کۆمەڵگای پاتریارکی دەسەڵاتێکی رەها بووە، بەتایبەتی لە رۆژئاوا تاکو رێنیسانس و هاتنی شارستانییەتێک کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێنای، هەر ئەوەی کە ئیستاتیکای دەق بۆچوونێکی وەهای جێگیر کردبوو بەوەی کە رەگەزی مێینە، بەشێکی گەورە لە فەزای دەق داگیر دەکات، ئەمەش کارێکی وەهای کرد ژنانیش وەکو پیاوان بنووسن و دەق بۆ پیاهەڵدانی جوانی ژن بێت، هەڵبەتە ئەم ستایلە تاکو ئەم دوواییەش ئەدەبی مێینەی بەجیا دەبینی لەئەدەب بەگشتی، بەڵام وەختێک ئەم ستایلە وەکو ئیشکالیاتێکی سایکۆلۆژی کولتووری

تەماشـا کـرا، ئیـدی ئـەدەب بەگشـتی و ئەدەبـی ژنـان بەتایبەتـی رزگاری بـوو لـەو گوتـارە نەشـازە..

ئەگەرچی ئەدەبیاتی کوردی پێشتر بەشێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگـەری ئەدەبیاتی عەرەبی بووە، بەو مانایـەی کـە کولتـووری عەرەبـی زاڵ بـووە بەسـەر کولتـووری کوردیـدا، جیاکردنـەوەی ئەدەبـی ژنانیـش بەشـێک بـووە لـەو ئیشـکالیاتەی کەتا ئـەم دووایـیەش شـەرعیەتی هەبوو، بـەڵام ئـەوەی کـە (نـزار قەببانـی) کـردی شۆڕشـێک بـوو لەجیاتـی ژنـان و هاتنیـان بـۆ مەیدانەکـە وەکـو ئـەوەی خۆیـان دەیانوویسـت، هـەرەوەک دەڵـێ: «تائێسـتا نووسـینی دەق لەژێـر لێفـەی خۆرافـات و کولتـووری دواکەوتوانـە دەنووسـرێت، تاکـو ئـەم تەمـە نەڕەوێتـەوە رزگارمـان نابێـت». ئـەم بۆچونـەی قەببانـی کاریگـەری راسـتەوخۆی هەبـوو بـۆ نەهێشـتنی بیـری پیاوسـالاری لەئەدەبیاتی عەرەبیدا، یان ئـەو یاخیگەرێتیـەی کـە (نـازک ئەلمەلائیکـە) لەعێـڕاق کـردی، جگـە لـەوەی پەخشـانە شـیعری وەکـو شـیعری ئازاد هێنایـە کایـەوە، هەوڵێکیـش بـوو بـۆ بەیەکسـان کردنـی ئەدەبیاتـی پیـاوو ژن کـە دەقـی ژن و دەقـی پیـاو هیـچ مانایەکـی بـۆ نەمایـەوە، ئەمـە لەسـەرەتاوە وەکـو جۆرێـک لەیاخیبـوون تەماشـا

دەكـرا لەدەسـەڵاتی پاتریاركـی لـە كۆمەڵگـەی عەرەبـی، دواتـر ئـەم سـتایلە بـوو بەمۆدێلێكـی ئاسـایی و جێگیـر بـوو، چونكـە سـەرەنجام گوتـاری دەق، جگـە لەئیسـتاتیكا وەزیفـە سـەرەكیەكەی وەرگـرت، ئەویـش وەزیفـەی هیومانیسـتی (مرۆڤایەتـی یـە)، دوای ئەمانیـش كەسـێكی وەكـو (ئەدۆنیـس) ئـەم بۆچوونـەی تیۆریـزە كـرد، هـەر ئـەوەی كـە رۆشـنی كـردەوە كـە رزگار كردنـی ئەدەبـی ژنـان لەدەسـت پیاوسـالاری، تەنهـا ئـەوە نییـە كـە ژنـان بنووسـن، بەڵكـو ئەوەیـە كـە وەكـو خۆیـان یـان وەكـو ئـەوەی چـۆن لەبینینـی خۆیانـەوە دەڕواننـە ئیسـتاتیكای ژیـان، ئاوهـا بینووسـن و لەدەقێكدا دەریببـڕن، مەبەسـتی ئەدۆنیـس ئەوەبـوو كـە وەختێـك دەقـی ژنێـك دەبینیـن، دەبێ بینینێكی جیاواز بێت لەبینینی پیاو بۆ جوانییـەكان و ئازارەكانیـان، یـان بـۆ رەگەزێـك بەرامـەر رەگەزێكـی تـر، ئەمـە ئەسـڵی بابەتەكەیـە.

پیاهەڵـدان كەپێشـتر یەكێـك بـوو لەمیكانیزمـی دەقـی كـوردی بەتایبەتـی دەقـی پیاوانـە بـۆ ژنـان، كاریگـەری لەسـەر ئـەو دەقانـەش هەبـوو كـە ژنـان دەیاننووسـی، یەعنـی جیهـان بینـی ژنـان بـۆ ئیسـتاتیكا هەمـان جیهـان بینی پیاوان بوو كە لەسیاقی دەقیكدا دەبینرا، بەڵام ئەو

موناقەشـەیەی لـەو فەزایـە رەوانـەوە و رەخنـەی لێگـرت کـە نابێ ئـەدەب تەنهـا لەخزمـەت حەزەکانـی پیـاودا بێت، بەڵکو غەریـزە و حەزەکانی ئینسـان ئاسمان و رێسـمانیان جیـاوازە، بەمـەش دەقـی کـوردی رەهەندێکـی دوورتـری وەگـرت، ئەویـش نەمانـی دەسـەڵاتی پیاوسـالاری بـوو لەنێـو ئەدەبیاتـدا.

## دەقاوێزان (التناص)

چەمکی دەقاوێزان (التناص) تاکو ئەو جێگەیەی کە وێنە راستەقینەکەی خۆی وەرگرت، وەکو هەر چەمکێکی تری فکری ئەدەبی بەهەڵە وەرگیرابوو، یان باشتر بڵێم خراپ دزەی کردبووە نێو ئەدەبیاتی کوردی، جارێک بە مانای تێکهەڵکێش لەدەقی کوردی و عەرەبی لەجێگەی دەقاوێزان دانرابوو، جارێکی تر بەمانای لێکچواندنی دەقێک لەدەقیکی تردا پێناسە دەکرا، راستی بابەتەکەش ئەوەبوو ئەم جۆرە تێگەیشتنانە تەنها یەک رەهەندی نەبوو، بەڵکو درووست مانای ئەوەبوو کە رۆشنبیری کوردی لەبەر ئەوەی خۆی ئەو چەمکانەی بەرهەمنەهێنابوو، بۆیە خراپ بەکار دەکات.

رەهەندێکی دیکەی خراپ تێگەیشتن لەم چەمکە ئەدەبی یە ئەوە بوو کە لاسایی کردنەوە بەدەقاوێزان تەمەشا دەکرا، یان ئەوەی دەقێک لەژێر کاریگەری دەقێکی دیکە بەدەقاوێزان ناسرابوو، بۆیە دیسان خراپ بەکار دەهات.

دەقـی (تنـاص) بەکوردیەکـەی (دەقاویـزان) جۆرێـک لەسێکسـی دوو دەقـە لەگـەڵ یەکتـر، هـەروەک چۆن دوو رەگــەزی نێــر و مــێ، لەئەنجامــی پرۆســەی سێکســیدا دەبن بەیـەک رەگـەز و کەسـی سـێهەم درووسـت دەبێت، ئاوهــاش لەئەنجامــی بەریــەک کەوتنــی دوو دەق، دەقــی سـێهەم درووسـت دەبێـت، مەبەسـتم لـەو چرکـە سـاتەیە کـە دەقنـووس خـۆی لەهیـچ رەگەزێـک جیاناکاتـەوە، یـان ئـەوەی کـە دەقنـووس ئـەو کاتـەی دەقێـک بەرهەمدێنـێ، دەبـێ خـۆی داماڵێنـێ لەهـەر رەگەزێـک، بەمـەش دەقێـک لەدایـک دەبـێ کـە ئەگـەر نـاوی خاوەنەکـەی لەســەر لاببەیـن، دەقەکـە ناناسـرێتەوە چ رەگەزێـک نووسـیویەتی، داخـوا ژن نووسـیویەتی یـان پیـاو.

لەلایەکـی تـرەوە ئـەو مانایـەی هەیـە کـە دەقنـووس دەبێـت زمانـی دەقەکـە تێکـەڵ بـکات کـە خوێنـەر نەتوانـێ هـەردوو سـتایلەکە لەیەکتـر جیابکاتـەوە، یەعنـی نەتوانـێ پەڕەگرافیـک یـان رستەیەک یـان وشـەیەک لەدەقەکـە بکاتـە خاوەنـی کەسـێکی دیاریکـراو، ئەمـە هونـەری دەقاوێزانـە لەفـەزای دەقـدا، سـابا ئـەو دەقـە هـەر رەگەزێکـی ئەدەبـی بێـت.

ئیشـکالیەتێکی دیکـەی تێگەیشـتن لـە چەمکـی دەقاوێـزان،

ئەوەیــە کــە خــودی هونــەری بەکارهێنانەکــە لەفــەزای دەقــدا ببینــرێ، ئەمــەش هەڵەیەکــی تــری تێگەیشــتنە لەدەقاویــزان، لەکاتێکــدا ســیحری ئاوێــزان بوونــی دوو دەق لەدەقێکدا، ئەوەیە کە خوێنەرێک یان رەخنەگرێک بەئاســانی نەتوانــی دەقنووســی یەکــەم و دەقنووســی دووەم جیابکاتــەوە، یــان یادەوەرییــەکان دابــەش بکاتــە ســەر کەسی یەکەم و دووەم، یان ئەوەی گێژبێت لەنێو جوگرافیای دەق، ئەمانە بەشێکی گەورەن لەئیشکالیاتی تێگەیشتن لەچەمکی دەقاوێزان، بۆیە زۆرجار رەخنەگر یان لێکۆلەری ئەدەبی دەیخوڵقێنن، ئیدی هەم دەقەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەم خودی دەقنووس.

بۆ ئەوەی باشتر حاڵی بین لەچەمکی دەقاوێزان، پێویستمان بە نموونە هێنانەوە هەیە، (یۆفتۆشینکۆف) شاعیرێکی روسی یە و ئیلهام لەهونەر و رۆحی شیعرەکانی (بۆریس باسترناک) وەردەگرێت، یان ئەوەی هەندێک وێنە لەدەقەکانی (شێرکۆ بێکەس) دا هەیە، بەشیکن لەرۆح و ئیحای شیعرەکانی (نازم حیکمەت و محەمەد ماغوت)، یان ئەوەی هەندێ شاعیر هەن لەژێر کاریگەری یەک فکرو یەک فەزای نووسیندان، هەروەها بەیەک ستایل دەنووسن کە هەر

دەڵێـی یـەک دەقـن.

دواجار دەقاوێزان کورت کردنەوەی کارێکی هونەرییە کە پرسیار دەوروژێنێ، یان دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە جۆرێکی تری ئیستاتیکای شیعریەتە لەجیهانبینی رۆحی گەردوونی، ئەم پرۆسەیە لەنووسینیش بەزەبری زمان دەکرێت، سەرەنجام ئیستاتیکاش پێوەرێکی بەستووی نییە بۆ دەربڕین، چونکە شێواز و بونیادی دەق و پێکهاتەی دەق، سیفەتێکی دیکەی دەقاویزانە، بۆیە گرەنتی دەقاوێزان لەگرنتی دەقێکی دیکەی سەربەخۆ قورسترە، تێگەیشتن و کارپێکردن بەم چەمکە باگڕاوندی فکری دەوێ.

یەکێک لەهۆکار و پاڵنەرەکانی کردەی نووسین و ئەدەبیات و هونەر، گریێ سایکۆلۆژیەکانی دانەرە، مەبەست لەگریێ سایکۆلۆژی ئەوەنییە کە نووسەر ئیشکالیاتی سایکۆلۆژی هەیە، بەقەد ئەوەی کردەی نووسین بەپێی بۆچوونەکانی فرۆید پاڵنەری سایکۆلۆژی لەپشتەوەیە، نموونەش (گریێی ئۆدیب و ئەلکترایە) کە لەئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنان هەیە، حاڵەتێکی دیکەی پاڵنەری دەروونی بۆ کردەی نووسین، ئەو ناکۆکی یە دەرونیانەیە کە لەتیۆرەکەی (فرۆییدا) بەکلیلی چارەسەرکردنی گرفتە ناوەکیەکانی ئینسانەوە گرێدراوە کە پێی دەوترێت گواستنەوە، واتە گواستنەوەی بابەتێکی سۆسیۆلۆژی بۆ نێو دەقێکی ئەدەبی و لەژێر کاریگەری حاڵەتە سایکۆلۆژییە خودییەکان، ئەمەش ئەوکاتە دەبینرێت کە دەقنووس لەساتەوەختی نووسیندا کەسێکی عەقلانی نییە، یاخود دەرەنجامی ئەو خەیاڵەیە کە هەندێ جار غەریزەی چەپێنراو دەبێتە پاڵنەری

سەرەکی، هەندێ جاریش بریتییە لەجیهانبینییەک کە دانەر پێشبینی ئایندە دەکات، هەڵبەت بۆچوونێکی دیکە هەیە بەپێی ( جاک لاکان) کە دریژە پێدەری میتۆدەکانی فرۆییدە و هەندێ جاریش رەخنەی لێگرتووە، ئەویش مەسەلەی زمانە کە جۆرێک لەشیزۆفرینیایە و مەبەست لەزمانی شیعریەتە، یان چەمکی بونیادگەری یە کە لاکان پرۆسەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ چەمکی زمان و کاریگەرییەکانی لەسەر خودی دانەر و دواتریش دەق، واتە زنجیرەی کاری زمانەوانی لەدالێکەوە بۆ دالێکی تر، ماناو مەدلولەکان دەردەخەن، هەروەک ئەوەی لاکان دەڵێ: «زمان ئەو شتەیە کە بوون لەحەز و ئارەزووەکان بەتاڵ دەکاتەوە». یان ئەوەی دەڵێ: «تەواوی زمانی ئێمە جۆرێکە لەتەتەڵەکردنی خودی زمان».

هەڵبەت ئەم باسە موناقەشەیەکی دووروو درێژەو لێرەدا بواری ئەوەمان نییە. بەلام لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندیی بەئەدەب و زمانی نووسینەوە هەیە بۆیە نموونەمان هێناوەتەوە.

حاڵەتێکی دیکەی کردەی نووسین بۆ هۆکارگەلێکی تر دەچێت، ئەویش بۆچوونی ماتریالیە و تێکەڵ بەمیتۆدی

سایکۆلۆژی بووە، قسەیەکی دیکە هەیە گوایە نووسین جۆرێکە لە راکردن لە مردن و هەوڵدانە بۆ نەمری، بەوەی کە نووسەر بە بەرهەمهێنانی دەقێک، شتێک تۆمار دەکات بۆ مانەوەی خۆی وەکو ماددەیەک جێدەمێنێ. ئەم بۆچوونەیان زیاتر چەپ و مارکسییەکان پشتگیرییان لێکردووە، بەڵام لەدەروون شیکاری ئەدەبیاتیشدا هەماهەنگیەک هەیە، (تیری ئیگلتۆن) یەکێکە لەو دەرونشیکارە مارکسیانەیە کە پشتگیری لەم بۆچوونە دەکات.

ئەمە جگە لەوەی (ویلهێم رایش) کە زۆترین هەوڵی بۆ ئەوەداوە، هەرچی زیاتر میتۆدی فرۆیدی و مارکسی پێکەوە گرێبدات. بەڵام ئەم بۆچوونە کەمێک لەمیتۆدەکەی فرۆید دوور دەکەوێتەوە، ئەویش مەسەلەی بەرگری کردنی نووسینە لەتاک، ئەوکاتەی کە شاعیر بۆ رەسەنایەتی خەیاڵی خۆی بۆ دەوروبەر دەخوڵقێنێ، لەراستیشدا شێوازی دەربڕینی شیعر و ئەدەبیات بە گشتی بەپێی بۆچوونی دەروونشیکاری، بریتییە لەناوبردنی شێوازێکی دیکەی نووسین، یان بەتاڵ کردنەوەی شیعرێک و سەرکەوتن بەسەر شیعرێکدا، بەمانایەکی دیکە هەر شیعرێک شیعرێکی

تـره لەئەسـڵدا.

مەسـەلەی هۆشـمەندی و ناهۆشـمەندی بـۆ نووسـەر، یەکێکـی تـرە لـەو موناقەشـانەی کـە لەنێـوان مارکسـی و لایەنگرانـی فرۆیـد هەیـە، یەکێـک لـەو ڕەخنانـەی باڵـە سیاسـییە چەپـەکان دژ بەفرۆیـد و فرۆیدیـزم گرتویانـە، گوایـە ئەندێشـەیەکی پـڕ لەکەموکورتـی و تاکخوازیـە، بەتۆمەتـی ئـەوەی دەرونشـیکاری پشـتی لەهـۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوریـەکان کردووە، بۆیـە کردەی نووسـین بەتایبەتـی لەئەدەبیاتـدا تائێسـتا لەنێـوان میتۆدەکانـدا یەکلایـی نەبۆتـەوە و لەنێـوان تیـۆری دەرونشـیکاری و بۆچوونـی مارکسـیدا ماوەتـەوە.

## دەقی دەربار

بەشێک لەخەسڵەتی شاعیر و نووسەرە کۆنەکان، دانانی دەقی دەربار بوو، ئەو دەقانەی کە وەک پیاهەڵدان بۆ سەرکەوتنی جەنگ و سەرۆک و پاڵەوانەکان دەنووسران، ئەم خەسڵەتە لەسەردەمی جاهیلی و ئیسلام وەک ئەسڵ و کەلەپوور تێکەڵ بەیەکتر ببوون، ئەو دەقانە کۆتاییان پێهات کە لەحزەکانیان، چ وەک پەند و چ وەک رەوانبێژی دونیای ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی دەوڵەمەند کردبوو، ئەم رەوتە کارێکی وەهای کردبوو کە شاعیری دەربار هەمیشە لەو تەنگ و چەڵەمەیە رزگاری نەبێت، ئەگەر خۆی لەدەست میر و دەسەڵاتدارەکان رزگار نەکات، یاخود واتێبگات بەرپرسیارێتی شاعیر وەک بەرپرسیارێتی سیاسییەکە، بەو پێیە دەقی دەربار نەک هەر نەبوو بەدەقی ئیبداعی، بەڵکو روحیشی رۆحێکی زیندوو نییە. هەر بۆیە ئێستاشی لەگەڵدابێت، دەقی دەربار و شاعیری دەربار بەهەمان شێوە تەماشا دەکرێ،

سابا ئەو دەقە پڕاو پڕبێت لە جوانی و ڕەوانبێژی زمانەوانی و مەعریفە.

زۆربەی دەقنووسە ناسراوەکان ڕایان وایە دەقی دەربار هەر زوو دەمرێت، بەپێچەوانەی دەقی ڕەسەن کە مادەییەکە نامرێت و دەبێتە سەرمایەیەک بۆ مرۆڤایەتی و هەمیشە دەخوێنرێتەوە، ئەو شاعیرانەی کە روحی خۆیان کردە قوربانی دەرهەق بەشتێک کە یاخی بوون لێی، هەم خۆیان و هەم دەقەکەیان کردە دیاری، بۆ نموونە (پۆل ئیلوار) نەک تەنها بۆ فەرانسە بەڵکو بۆ هەموو ڕەشپێستەکان دەینووسی، (موتەنەبی) موڵکی میللەتێک نەبوو، تائەو جێگەیەی پاسپۆرتەکەی سنووری هەموو کیشوەرەکانیش دەبڕێ. خوێنی (لۆرکا) کە بەناهەق لەغەرناتە ڕێژرا، بە خوێنی هەموو مرۆڤایەتی دەخەمڵێنرێ کە تەنها گوناهەکانیان نەگوتنی شیعری دەربار بوو، دواهەمین هەڵوێستیش ڕەتکردنەوەی میدیالیای نۆبڵ بوو لەلایەن (سارتەر) و پێشتریش لەلایەن بردناردشۆ ەوە، دواهەمین هەڵقەی یاخی بوون لە خۆ ڕسکاندن بە دەسەڵاتەوە، ڕووبەڕوو بوونەوەی بێکەسی شاعیر بەرامبەر بە (ئەدمۆنز)، هەروەها (شاکر فەتاح) جوانترین نموونەی

قەڵـەم بەدەسـتی یاخـی کـورد بـوو کـە گوتـی (نـا). بـەڵام لەبەرامبـەر ئەمەشـدا کەسـانی وەک (جەواهیـری) عـەرەب و (مایکۆفیسـکی) روسـی و (شـێرکۆ بێکەسـی) کـورد وەک نموونەیەکـی تـرن کـە لەهەنـدێ دەقـی شـیعریاندا بەشـاعیری دەربـار ناسـراون.

کەچـی رەتکردنـەوەی چارەسـەرێک بـۆ نەخۆشـی شیرپەنجە لەلایـەن (ئەحمـەدی شـاملۆ)، وانەیەکـی دیکـەی شـاعیر بـوون بـوو لەسـەدەی رابـردوو، ئەمانـە بەشـێکن لـە رەوشـتی جوانـی کەسـانێک کـە پێچەوانـەی شـاعیری دەربـارەکان رەفتاریـان کـرد. بگـرە نەفرەتیـان لێکـرد.

ئـەوەی شـاعیری دەربـاری قیـزەون کـردووە و خۆشـی هەوڵـدەدات لەرێگـەی وشـە و وێنـە درۆینەکانیـەوە خـۆی جـوان بـکات، ئـەو پیاهەڵدانەیـە کـە لەژێـر عینوانـی نەتەوەیـی و نۆسـتالیۆژیایەک بـۆ رابـردوو بەوەزیفـەی شـیعر دادەنـێ، جگـە لەخیانـەت بـەدەق شـتێکی تـر نییـە، چونکـە لەرابـردوودا ئـەم وانەیـە ئەزمـوون کـرا و مەنفەعەتـی بـۆ گشـت نەبـوو، بۆیـە پارچـە شـیعری بەنـاو تازەگـەری دەربـار، لەراپـۆرت یـان بەیاننامـەی حیزبـی دەچێـت کـە تەنهـا جامخانـەی سیاسـییەکان جـوان دەکات، یـان ئـەو تەقەمەنیەیـە کـە ئاگـری جەنـگ خـۆش دەکات،

بـەڵام راسـتییەکەی ئەوەیـە شـیعر بۆخـۆی هەڵکردنـی ئاڵایەکـی یاخـی بوونـە و چیرۆکـی ئەدەبـی یۆنانـی و رۆژئاوایـی سـەلمێنەری ئـەم قسـەیەن.

شـیعری دەربـار ئەوکاتـە هەسـت بەسـاردو سـڕیەکەی دەکەیـن کـە تەنهـا وەک دروشـم بەسـەر کاغەزەکانـەوە دەمێنێتـەوە، یـان تەنهـا ئەوکاتـە جەسـتەیەکی زینـدووە کـە وشـەکان دەبنـە گوللـە بـۆ بەرامبـەر، هەروەهـا شـاعیری دەربـاریـش ئـەو کاتـە هەسـت بەگوناهەکانـی دەکات کـە تەنهـا لەکاتـی پێویسـتدا نـاوی دێت و تەمەنـی شیعرەکەشـی چەنـد سـاتێکە و هیچـی تـر.

## دەقی فیستیڤاڵی

یەکێک لەو ئیشکالیاتەی کە لەنێو ئەدەبیاتدا هەیە، ئەو دەقانەیە کە لە فیستیڤاڵەکاندا هەڵدەسەنگێرێن لەلایەن لیژنەیەکەوە و دواتر دەخوێنرێنەوە، دوای تەواو بوونی ڤیستیڤاڵیش کێبەرکێیان پێدەکرێت و باشترین دەقیش دەبێتە براوە و خەڵات دەکرێت، هەڵبەت راستە فیستیڤاڵ تەنها لەوڵاتی کوردانەدا نییە، بەڵکو یەکێکە لەمۆدێلی کۆن کە لەدونیای ئەدەبی رۆژئاوا و عەرەبیشدا هەبووە، ئەوکات فیستیڤاڵ بۆ کێبەرکێی دەقی ئیبداعی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە ئەم مۆدێلە کلاسیکیەی هێندەی دیکە قیزەون کرد، ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە بوو کە لەکوردستاندا بۆ کێبەرکێی شیعر و چیرۆک دەکرا، هەر ئەوەی کە هەندێ دەق و سیمای نوێی هێنایە پێش، کە ناشیرینترین دیمەنەکانی دونیای ئەدەب بوون.

حوکمکردن بە چاوی ئیدیۆلۆژیا بۆ دەقی ئەدەبی، کارێکی وەهای کردووە لەفیستیڤاڵەکانی کوردستان

هەندێ کارەکتەری نوێ کە تەنها بەخاتری چالاکی دەقێکیان نووسیووە، لەبەر ئەوەی کە نزیک بوون لەو ڕێکخەر و سەنتەر و ناوەندە ڕۆشنبیریانەی کە فیستیڤاڵەکەیان سازکردووە، شانسیان زۆر لەو کەسانە باشترە کە خاوەنی دەقی جوانن لەزەمەنی تایبەتی خۆیان نووسیوویانە، ئەمە لەحاڵێکدا کەسانێک هەن کە خاوەنی دەقی جوانیشن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشداری ئەو فیستیڤاڵانەیان نەدەکردووە، نەک هەر بەجوانی هەڵناسەنگرێن، بگرە مەحرومیش دەکرێن لەخودی مەراسیمەکە و چرایان لەسەر دەکوژێنرێتەوە.

ئەم حاڵەتە لەنێو دونیای هونەری سینەماو شانۆش هەمان سیناریۆیان هەیە، یان بەهەمان فلتەری ئیدیۆلۆژیادا تێپەڕدەبن. ئەمەش ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژیایە درووست دەکات کە ئەدیبی ڕاستەقینە ون بێت لە مەحفەلی ڕۆشنبیری کوردی، جگە لەوەش کاریگەرییەکی نیگەتیڤ دەکاتە سەر نەوەیەک کە دووچاری وەهمی ئەدەبی بێت، ئیدی بەبێ ئەوەی باگڕاوندی مەعریفیان هەبێت، دەست دەکەن بەنووسینی شیعر، یان چیرۆک یان دەقی شانۆیی و فیلمسازی و هتد.

پنتێکی دیکەی نێگەتیڤی دەقی فیستیڤاڵی ئەوەیە کە لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەقەکان، یان ئەوەتا شارەزای دەقی نوێ نیین، یان ئەوەتا بەو ویژدانی ئەدەبەوە کار ناکەن، یان ئەوەتا مەحسوبیەتی شارچێتی و گروپ چێتی بەکار دێنن و مەرامێکی لەپشتەوەیە، دیسان ئەم حاڵەتەش ئەوەندەی خراپ دەکەوێتەوە، ئەوەندە کۆمەک ناکات بەئەدەب و رۆشنبیری کوردی و گەشەی پێبدات، لەهەر کامێک لەو حاڵەتانە کە لەفیستیڤاڵەکان دەبینرێن، مەهامی چالاکیەکەش پوچەڵ دەکەن، بەمەش ئەو فەزا نەشازە دەخوڵقێنن کە پرۆژەی رەخنەگرتنیش پوچەڵ ببێتەوە و دەقی جوان و خراپ یەک بەهایان هەبێت.

ئەگەرچی دەقی فیستیڤاڵی پێویستی بەلەبەر چاو گرتنی نەوەکان هەیە، هەم لەسەر ئاستی تەمەن، هەم لەسەر ئاستی توانای مەعریفی، یەعنی ئەوەی ناوی نراوە کێبەرکێی نەوەکان، پێویستە پشت ئەستوور بێت بەدەقی ئیبداعی، یان جیاواز بوونی دەق، بەڵام ئەوەی کە لەفیستیڤاڵەکانی ئێمەدا دەبینرێن، هیچ کام لەو ئاستانە وەکو خۆی تەماشا ناکرێن، بۆیە ئەم ئیشکالیاتە ئەدەبیە جۆرێکی دیکەی ئیشکالیات لەگەڵ

خۆیدا بەکێش دەکات، هەر ئەوەی کە دەبینین دەرەنجامی کەم فیستیڤاڵ هەیە نارەزایەتی لێنەکەوێتەوە، جا چ هۆکارەکەی مەعریفە بێت، یان ئەو مەحسوبیەتە بێت کە بەخاتری مەهامی تر بێت.

## دەق و تەکنۆلۆژیا

ئەگەرچی دەقی کلاسیکی کە لەهەناویدا هەڵگری فەلسەفەیەک بووە، بەهەمان شێوەش پشکی سەرەکی هەبووە لەگەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژیا، بەڵام بەپێی توانای بیرکردنەوەی سەردەمەکەی خۆی دەقەکان نووسراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە، ئیدی هەر یەکێک لەو دەقانەی لەبەردەستمانن، سابا لەهەر بوارێکی مەعریفی و ئەدەبی بن، هەر یەکەیان بەرهەمی مەعریفەی سەردەمەکەی خۆیانن و دەقنووسەکانیش پاڵەوانی ئەدەبی سەردەمی خۆیانن، ئەو دەقانەی کە لەسەردەمی کۆیلەیەتی نووسراونەتەوە، کەم و فرە تەعبیرن لەفەزای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکە، ئەو دەقانەش کە لەسەردەمی فیوداڵی نووسراونەتەوە، بەهەمان شێوە تەعبیرن لەو سەردەمە، هەروەک چۆن حەیران و لاوک و گۆرانی بەو زمانە نووسراونەتەوە و گوتراون کە چەوساوندنەوە هەبووە، ئاوهاش ئەدەبەکە بریتیی بووە لە کێشەکانی ئەوکات.

وەختێکیش کە سیستمی سیاسی گەشەی کرد و قۆناغێکی دیکە لەژیان هاتە پێشێ، ئیدی شار گەورە بوو، کاری تاک دەستی بوو بەدەستەجەمعی و تەکنۆلۆژیای سەرەتایی گەشەی کرد، هاوشانیش فەرهەنگ گەشەی کرد و دەقی تەکنۆلۆژی سەریهەڵدا، مەبەست لەدەقی تەکنۆلۆژیش ئەوەیە کە مامەڵەی لەتەک موفرەدەگەلێک کردووە کە تازە هاتۆتە نێو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەوە و فکر رۆشنتر بۆتەوە لەبیرکردنەوە و ئەندێشەکان.

هەڵبەت زۆر شاعیر هەن لەبارەی شارەوە شیعریان نووسیوە، بەڵام (بۆدلێر) زۆر ئاشکراتر لەدەقە شیعریەکانیدا باس لەگرنگی و ئیشکالیاتەکانی شار دەکات. لەنێو کوردیشدا (نالی و حاجی قادری کۆیی و گۆران) و هتد، باسیان لەچۆنیەتی گۆڕینی ژیان کردووە لەلادێوە بۆ شار.

ئەو پیاهەڵدانەی کە پێشتر بۆ سرووشتی گوند دەنووسرا، گۆڕا بۆ شێوەی وەسف کردنی ژیان لەشار و شێوەی دەسەڵات و خەڵک، یاخوود پیاهەڵدانێک بە باڵای ئافرەت مۆدێل بوو، ئیدی ئەم ستایلەش گۆڕا بۆ جۆرێک موخاتەبە کردن لەرێگەی ئافرەتەوە، کە

پێشـتر بەبـاڵاو جـل و بەرگـدا هەڵدەگوتـرا، هـەروەک نـزار قەبانـی لەبـری ژنـان شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی کـرد، ئەویش لەژێر کاریگەری تەکنۆلۆژیادا بوو کە ژن بوو بەسـەنتەری ململانێکان.

کاریگـەری تەکنۆلۆژیـا لەسـەر دەقـی مۆدێـرن، ئـەو دەقەیـە کـە لەبـاری زمانەوانیـەوە گەشـەی کـردوو دەقـی لەشـێوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە گواسـتەوە، چونکـە کۆمەڵگـەی شارنشـین کۆمەڵگـەی فـرە کوولتـوری و فـرە نەتەوەیـی و ئاینیـی بەرهەمهێنـا، پێکـەوە ژیانـی کوولتـوورەکان کارێکـی وەهـای کـرد زمانـەکان لەیەکتـر حاڵـی بـن و سـنوورەکان بەسـەر یەکـدا کرانـەوە، بـەم شـکڵەش زمـان لەنێو ئـەو فـەزا کراوەیەدا گەشـەی کـرد، یـان ئـەوەی کـە کوولتـورە جیاجیـاکان لەیەکتـر نزیـک دەبونـەوە بەهـۆی ئامێـری تەکنۆلۆژییـەوە، بـەو مانایـەی کـە هـەر موفرەدەیـەک چەندیـن هـاو مانـای بـۆ پەیـدا دەکـرد، بـۆ ئـەوەی قسـەی پێبکـرێ و بنووسـرێتەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە هاتنـی تەکنۆلۆژیـای سـەردەم بەجۆرێـک تەکانـی بـە نووسـیندا، وەک هاتنـی چاپخانـە و دواتریـش هاتنـی ئینتەرنێـت کـە شـتێکی نەهێشـتەوە بەنهێنـی بمێنێتـەوە، یـان شانسـی بڵاوکردنـەوەی کەمتـر

بێـت وەک لـەوەی جـاران هەبـوو.

هۆکارێکـی دیکـە لەکاریگـەری تەکنۆلۆژیا بۆ سـەر دەق، ئەوەبوو کە خەیاڵی فراوانتـر کردەوە لـەوەی کە پێشـتر فەلسـەفە و مەعریفـە کایەیـان تێـدا دەکـرد، بـەو پێیـەی کـە تەکنۆلۆژیـا زۆر شـتی لەبـەر یـەک هەڵوەشـاندەوە و سـیحری شـتەکانی بەتـاڵ کـردەوە، بەوپێیـەی دەقـی تەکنۆلـۆژی موفردەگەلـی وەک دەرەوەی سـەرزەمینی بەکاردەهێنـا و خەیاڵێـک کـە پێشـتر بەکوفـر دەناسـرا، ئازادییـەی رەهـای وەرگـرت لەنێـو ئەدەبیاتـدا، هـەروەک ئـەوەی (خەییام) گوتـی، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە بڵێیـن دەقـی کلاسـیک بەهایەکـی نەمـا لەشـوێنی خۆیـدا، بەپێچەوانـەوە دەقـی کلاسـیک زەمینـەی خـۆش کـرد بـۆ ئـەوەی دەقـی تەکنۆلـۆژی گەشـە بـکات.

## ئەخلاقیاتی خوێندنەوەی دەق

ئەگەرچی لەسەدەکانی رابردوودا بەقەد ئەوەی کار لەسەر خودی دەق بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، بەشێوازێک شیدەکرایەوە کە وەک بڵێی دەکەوتە بەر نەشتەرگەری کە بەهیچ شێوەیەک بەلای دیوی ناوەوە و چەمکە دەلالیەکانی ناچوو، «هیلیس میلەر» ئەو پیاوەی کە ئەم مەعزەلە فکریە ئەدەبیەی کردە کاری خۆی، دەقی وەک کردەیەکی ئەپستراکت تەماشا کرد و بەلای دەقنووسدا نەدەچوو، ئەم کردەیەی ناو نا (ئەخلاقیاتی خوێندنەوە)، یەعنی خوێنەری وەزیفەی خوێنەری لەپەلاماردانەوە گۆڕی بۆ شیتەڵکاری دەقی ئیبداعی، بەو مانایەی خوێنەری ناچار کرد بەلای ژیانی کەسێتی دەقنووسدا نەچێت، بەقەد ئەوەی شیتەڵکاری بۆ ناوەوەی دەق بکرێت و چەمکە دەلالیەکان بخرێتەبەر میکرسکۆبی خوێندنەوەوە.

هەوڵێکی دیکە بۆ نەهێشتنی ئەو ستایلە خوێندنەوە و رەخنانە لەدەق کە ئاڵوگۆڕی بەسەرهات، هەوڵەکانی

(رۆلان بارت) بوو، دوای ئەویش هەوڵە فکرییەکانی (ژاک دریدا) بوو کە لەکتێبی تارماییەکانی مارکس بەسەر دەقی هاملێتی شکسپیردا پراکتیکی کردووە، ئەم گەشەسەندنە بۆ کایەی ئەدەب و فکر، لەبەرچاو گرتنی جەستەی دەق بوو کە بەبێ شیتەڵکاری بۆ دەق ناتوانرا ئەو سنوورانە ببەزێنرێ کە جوگرافیای دەق دیار دەکەن، لەوەش واوەتر ئەو مانا دەلالیانە بوو کە لەپشت دەقەوە راوەستابوون.

تائەو جێگەیەی کە ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە نەهاتبووە نێو دونیای ئەدەبیاتەوە، بەشێکی زۆری لەپانتایی خوێندنەوە و رەخنەی ئەدەبیاتی کوردی داگیر کردبوو، وەختێک ئەم کردەیە بوو بەیەکێک لەمۆدێلەکان، خوێندنەوە بۆ دەقی کوردیش لەو ئیشکالیاتە ئەدەبیانە کەمێک دوور کەوتەوە، بەو مانایەی کە دەقنووس رزگاری بوو لەو پەلاماردانەی کە دەکرایە سەری، ئەم ئیشکالیاتە بەشێکی بۆ زاڵ بوونی گوتاری سیاسی دەگەڕایەوە، بەشەکەی دیکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەدەبیاتی کوردی، تاڕادەیەک هەژار بوو لەو هزرەی کە لە رۆژئاوا هەبوو.

بەشێکی دیکەی ئەو ئیشکالیاتە ئەوەبوو کە ئەدەبی

کوردی لەژێر کاریگەری دەقی بەرگری بوو، چونکە هەم سەردەمەکەی وەکو کێشەی نەتەوەیی ئەوەی دەخواست، هەم ئەو مۆدێلە نووسینە نەگەیشبووە دونیای ئەدەبیاتی کوردی، ئەمەش دیسان هۆکارێکی دیکەی هەبوو کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە پانتایی بیرکردنەوەی رەخنەگران و خوێنەرانی کوردی تەسک کردبۆوە، بەو مانایەی کە کارکردن بەپێی ئیدیۆلۆژیا و حاڵەتە دەروونییە سیاسییەکانەوە، رێگەی لە لۆژیکی رەخنەیی گرتبوو، بەمانایەکی دیکە دەقنووس وەک پەیامبەر تەماشا دەکرا و مەرجی بۆ دادەنرا، ئەو مەرجەی کە کەسی ئاسایی ناتوانێ بەرجەستەی بکات، بۆ نموونە مەرج بوو دەقنووس ئەگەر بە رەمزیش بێت ئاماژە بەحاڵەتی سیاسی بدات، بەباڵای نەتەوە و سیمبولەکانیدا هەڵبڵێ، لەحاڵێکدا زۆرێک لە ئەدیبە جهانیەکان ئەو مەرجانەیان تێدا نەبوو، کەچی خاوەنی دەقی ئیبداعیش بوون، بۆ نموونە (دیگۆڵ و جاک بریفەر و گۆتە) و هتد. هەریەکەیان خاوەنی دەقی ئیبداعیش بوون و بەرپرسیاریەتی حکومیشیان هەبوو، کەچی هیچ رەخنەگرێکی جهانی بەشێوەی کلاسیکی تەماشای ئەو ئەدیبانەی نەدەکرد

کە لەدەرەوەی کارەکە حکومیەکانیان، خاوەنی دەقی سەربەخۆن، کەچی ئەدەبی کورد لەسەرووی ئەمەشەوە، ئەوەندەی رەخنە لە کەسایەتی دەگیرا، ئەوەندە رەخنە لەدەقەکەی نەدەگیرا، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێستاش هەندێ رەخنەگر بەو ستایلە دەنووسن و ئەخلاقیاتی خوێندنەوە لەبەرچاو ناگرن.

## دەقی هایکۆیی

جیـاوازی هــەر دەقێـک لەگـەڵ دەقێکـی دیکـەدا لەفۆڕمدایـە، دەقـی هایکۆیـی، یـان باشـتر بڵێـم هایکـۆ شـیعر کـە لەیابانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، ئـەو دەقەیـە کـە لەهـەر لەحـزە رسـتەیەکی کورتخایەنـدا وێنەیەکـی پڕ لەجیاوازمـان پێشـکەش دەکات، هەرچەنـدە ئـەم فۆرمـە لـەدەق ئەرکێکـی قورسـی تەکنیکیـە، لەهەمانکاتـدا مانـا و دەلالەتـی زۆر لەخـۆ دەگرێـت لەرێگـەی زمانـەوە، لەبـەر ئـەوەی لەپشـت کورتریـن رسـتە و موفـرەدەی شـیعریدا درێژتریــن گوتــار هەیــە، ســەرباری ئەمانــەش هایکـۆ بـۆ خـۆی کـە شـاعیر بـووە، لـەزۆر شـوێندا ئەودەقانـە بەشـیعر ناناسـێ و بیانـووی خۆشـی هەیـە.

هایکۆ شیعر بریتی یە لەو پارچەیـەی کە ئەندازەیەکی کەمتـر و پانتاییەکـی کەمتـری لەچامـە شـیعری هەیـە، هێڵکاریەکـە بەپێچەوانـەی دەقـی کلاسـیکی، هەمـوو تۆنەکانـی بەنـاو یەکدا دەچـن و دواتـر تەنێکـی زینـدوو پێکدێنـن، چونکـە ئـەوەی کـە لەدەقـی کلاسـیکیدا

دەبینرێت لـە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی دەچێت، بـەڵام ئـەوەی لـە هایکـۆ شـیعردا هەیـە گەیاندنـی هەواڵێکـی بەپەلەیـە بەخوێنـەر. ئەمـەش پشـت بەسـتنە بەسـتایلێک کەچۆنیەتییـە، نـەک چەندێتـی.

هایکـۆ شـیعر یـان لەژانرەکانـی دیکـەی ئەدەبیـدا لەشـێوەی کورتیلـە چیرۆکـەو بەوشـێوەیە ناسـراوە، ئـەو تەکنیکەیـە کـە خوێنـەر ناچـار دەکات بگەڕێـت بەنـاو فەرهەنگـدا، یاخـود ناچـاری دەکات بـەدوای مەعریفـە و فکردا بگەڕێت، ئـەم تەکنیکـە درووسـت پێچەوانـەی دەقی درێـژە، چونکـە لەدەقـی درێـژدا خوێنـەر هـەم وەڕس دەبێـت، هـەم لەبـەردەم کردەیەکـی حـازر بەدەسـتی ئەدەبیـدا رادەوەسـتا، ئەمـە بەشـێکە لـەو جیاوازیانـەی کـە لەنێـوان ئـەو دوو جـۆرە دەقانـەدا هەیـە.

ئەگەرچـی لێکچونێـک لەنێـوان وێنـە شـیعری و هایکـۆ شـیعریدا هەیـە، بـەڵام خاڵـی جیاکردنەوەیـان لەوێـوە دەسـت پێـدەکات کـە وێنـە توخمێکـی شـێوەکارییە لەرێگـەی زمانـەوە، هەرچـی هایکۆیـە تەموومژاویتـرە و گەمەیەکە لەگەڵ زمان، یاخـود دەتوانین وەک تابلۆیەکی فـرە مانـا تەماشـای بکەیـن، بـەڵام بەوشـە نـەک رەنـگ، هەڵبەتـە رەنـگ تەنهـا بەچـاو نابینرێت، بەڵکـو هەندێجـار

لەوێنەیەکی شیعریدا رەنگ ووجودی هەیە، هەروەک چۆن لەتابلۆیەکدا لەڕێگای هارمۆنیای رەنگەکانەوە وشەش دەبینرێت.

هایکۆ شیعر ستایلێکی جیاواز نییە لە رۆمان و چیرۆک و چامە شیعری، تەنها ئەو کاتە دەتوانین جودای بکەینەوە کە وێنەکان یەکەیەکی بابەتیان تێدا نابینرێ و هەریەکەیان وێنەیەکی سەربەخۆن، یان ئەوکاتە دەتوانین جودای بکەینەوە کە هەناسەی شیعری، بچوکتر دەبێت لەستایلەکانی تری دەقی شیعری، لەکاتێکدا بڕوایەک هەیە کە هایکۆ شیعری بەزمانێکی هونەری و ئیستاتیکی تر و باڵاتر بەرهەمدێت. بۆ نموونە هەندێ جار دەبینین شانۆنامەیەک لەچەند وێنەیەکی شیعریدا دەقێکمان پێ ئاشنا دەکات کە لەیەک فەزادا جێگەیان دەبێتەوە، ئەمەش جۆرێکە لەئازادی تەعبیر کردن و جیهانبینیەکی جیاوازە لەروحی گەردوونی ئەدەبی، چونکە هەیکەلی شیعری لەهەناوی هەموو دەقێکدا هەیە.

دەقی هایکۆیی ئەو ستایلەیە هەموو دەقنووسێک پێی ناوێرێ، چونکە کردەیەکی ئاسان نییە، لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا کەمتر هەستی پێدەکرێ بەرامبەر

بەئەدەبیاتــی نەتەوەکانــی تــر، رەنگــە ئــەم هەوڵــە لــەلای هەندێ شـاعیری کوردی نـەوەی حەفتـاکان و هەشـتاکان هەبـێ، بـەڵام ئـەوەی تێبینـی یـە ئەوەیـە کـە ئەوەنـدەی تێکـەڵ بەسـتایلەکانی تریـان کـردووە، هێنده گرنگیـان بـەو هێڵکارییـە نـەداوە کـە هایکـۆ شـیعر بناسـێنێت بەخوێنـەر، وەک جۆرێـک لەدەقـی سـەربەخۆ، هـەروەک چـۆن ئـەم سـتایله لەئەدەبیاتـی گەلانـدا سـەربەخۆیی خـۆی هەیـە.

ئەگەرچـی فۆرمالیـزم وەک بزووتنەوەیەکـی فکـری بــوو پێشــتر، لەگــەڵ ئەوەشــدا وەک هەڵکەوتەیەکـی تــر کاریگــەری بــۆ ســەر ئەدەبیــش هەبــوو، یەکەمیــن جــار ئــەم هەڵکەوتــە ئەدەبــی یــە لەلایــەن فۆرمالیزمــە روســیەکانەوە وەکــو بزووتنەوەیــەک لەســاڵی ١٩١٤ یەکەمیــن نیشــانەکانی دەرکــەوت، دواتریــش لەدەیــەی ١٩٢٠ لەدەرەئەنجامــی گەمــەی سیاســەت هەڵوەشــایەوە.

ئــەم قوتابخانەیــە گروپــە نوێخــوازەکان و لێژنەیەکــی لیکۆڵینــەوەی زمــان دایانمەزرانــد بەنــاوی (opolaz)، دوابــەدوای ئەمــەش پەیوەندیــی نێــوان (مایکۆفســکی و فلبنیکــۆف) و رەخنەگرانــی فۆرمالیســتی گەشــەیان پێــدا، دواتــر (بۆرخیــس) لەبــارەی (ئانــا ئاخماتــۆف) لەســاڵی ١٩٢٣ کتێبێکــی لەبــارەی (ئانــا ئاخماتــۆف و ڤیکتــۆر شــۆلۆخۆف و یاکۆپســن) نووســی، لەوێــدا (بۆرخیــس) قســەی لەســەر فۆرمالیــزم و نەریــت و کێشــەی زمانــی روســی کردبــوو. لەســاڵەکانی ١٩٢١ تاکــو ١٩٢٨

مشـتومڕی فۆرمالیسـتەکان چـووە نێـو دەربڕینـی دەقـەوە و جیاوازیەکـی لەنێـوان مـەودای قوتابخانـەکان درووسـت کـرد، دواجاریـش (لیـۆن ترۆتسـکی) جارێکـی تـر هێرشـی کـردە سـەر ئـەم بزووتنـەوە ئەدەبـی یـە، گوایـە جـۆرە باوەڕێکـە دژی کۆمۆنیـزم و مارکسـیزم، چونکـە ئـەم بزووتنەوەیـە ئەوەنـدەی گرنگـی بـە فـۆرم و زمـان دەدا، ئەوەنـدە گرنگـی بەگوتـاری دەق نـەدەدا کـە ریالیسـتەکان پێشـتر ئـەم مۆدێلەیـان داهێنابـوو، بۆیـە بەناچـار فۆرمالیسـتەکان لەژێـر کاریگـەری ئـەو هێرشـە بـێ دەنـگ بـوون، تـا ئـەو جێگەیـەی کـە ئـەوە بـوو دوای مشـتومڕێکی زۆر لەبەرهەمەکانـی (تۆلسـتۆی) ئـەو بزووتنەوەیـە قەدەغـە کـرا.

جیـاوازی فۆرمالیسـتەکان لەنێـو دەقـی ئەدەبـی دوو شـێوازیان لەخـۆ گرتبـوو، یەکـەم لەبەرچاوگرتنـی جەوهـەری دەق بـوو، واتـە ئـەو بەشـە پێکهێنەرانـەی کـە ئامـاژە بەواتـای دەق دەدەن، دووەم سـەربەخۆیی دەق، بەمـەش سـەلماندیان کـە فۆڕمـی نوێـی دەق دەربڕینـە، لەلایەکـی دیکەشـەوە سـەلماندیان کـە گۆڕانـکاری لـە ئەدەبیاتـدا تەنهـا کاردانـەوەی توخمـە ئەدەبیـەکان نییـە، بەڵکـو بەرهەمهاتـووی ژانـرە ئەدەبییەکانـە لەگـەڵ

گۆڕانکاریـە کۆمەڵایەتیەکانیشــە، بۆیــە دەقــی ئەدەبییــان بــە نێوەندیــی کاری ســەرەکی خۆیــان دانــا، جگــە لەمــەش فۆرمالیســـتەکان میتۆدێکــی دیکەشــیان هێنایــە ئــاراوە، ئەویــش هاتنــە گــۆڕی میتافــۆڕ و ڕۆڵــی جێنــاو و سێنتاکســی ڕێزمانــی بــوو.

یەکێــک لەئامانجــە ســەرەکییەکانی بزووتنــەوەی فۆرمالیزمــی ئەدەبــی، گەیشــتن بــوو بــە زانســتی ئەدەبیــات، ئــەم زانســتە وەســفێکی دیکــەی ئەرکەکانــی سیســتمی ئەدەبــی بــوو، هەروەهــا شــیکردنەوەی توخمــە پێکهێنەرەکانی دەق و تاوتوێ کردنی یاسا ناوەکییەکان کــە زاڵ بــوو بەســەر ژانــرە ئەدەبییــەکان، فۆنۆلــۆژی ڕێســاکانی کێشــی شــیعر و فــۆرم ناســی و ئەرکــی سێنتاکســی و مۆرفۆلــۆژی و هتــد، بــۆ بزووتنــەوەی ئەدەبی فۆرمالیزمــی دەرکــەوت کــە ســەرەتا دەبێ هــەر ســیمبولێکی ئەدەبــی لــە ڕێگــەی ســیمبولی زمانــەوە بناســرێت، دواتــر دەق خــۆی ئاشــکرا بــکات، واتــە هونەرێـک لەڕێگـەی کەرەسـتە ئەدەبیەکانـەوە بونیـادی هونــەر بەرهەمبێنــێ، ئەمــەش هۆکارێــک بــوو بۆئــەوەی فۆرمالیســتەکان هەمیشــە بــەدوای نهێنیــەوە بــن، چونکــە بەبــڕوای ئــەوان دەق بــەو شــێوەیە زینــدوو دەبێــت.

بەهەرحـــاڵ فۆرمالیـزم کــە دواجــار بــوو بەســـتایلێکی ئەدەبــی بەتایبەتـــی بــۆ دەقــی شـــیعری، تامەودایەکـــی بـــاش ڕێچکـــەی وەرگرتبـــوو لەنێـــو ئەدەبیاتـــی جهانـــی، لەمڕاستایەدا ئەدەبیاتی کوردیش لەژێر ئەو کاریگەرییە ماوەیــەک بــەردەوام بــوو، بــەڵام بەهاتنــی چەمکەکانــی دیکــەی فکــری ئەدەبــی و مۆدێلــی تــری نووســین، ئــەم جـۆرە دەقانــەش کەوتنــە پەراوێـزەوە و دەق بەبـێ هیـچ ناونیشــانێک کاری لەســەر کــرا.

## مانیفێستۆ

مانیفێستۆ ئەو راگەیاندراوەیە کە هەم لەنێو سیاسەت و هەم لەنێو ئەدەبیاتیشدا مێژووییەکی هەیە، ئەوەی کە لەنێو سیاسەتدا هەیە بریتی یە لە ئیدیۆلۆژیا و کێبەرکێی سیاسی، یان راگەیاندنی فکرێکی نوێ، یان سیاسەتێکی نوێ، ئەوەش کە لەنێو ئەدەبدا هەیە بریتی یە لەکۆمەڵێک فکری جیاواز لەسیاسەت، بەڵام چونیەک لەفۆرمی ئەدەبی. لەهەردوو بارەکەشدا بەکارێکی دیکۆمێنتی ئەژمار دەکرێ.

سەرهەڵدانی هەر تەوژم و رەوتێک، بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی بەرهەمهێناوە، ئیدی دەرکردنی بەیان یان (مانیفێستۆی) ئەدەبی، هەندێ جار واهەڵکەوتووە کە تەنها کەسێک مانیفێستۆی دەرکردووە و هەندێ جاریش بەکۆمەڵ، ئەوەی کە بەتەنها کردوویەتی خۆی جیاکردۆتەوە لەئەدەبێک کە (مالوف) واتە باو بووە، ئەوانەش کە بەکۆمەڵ خۆیان راگەیاندووە، یەک تێڕوانین هانیداون، بەنیازی ئەوەی

تەکان و گەشەیەک بدەن بەئەدەبی باو، سەرەنجام مانیفێستۆ بۆ وەڵامدانەوەی قۆناغێکی ئەدەبی بووە، بۆ رزگارکردنی ئەدەب لەسیاسەت، بەپێچەوانەشەوە زۆرجار ئیدیۆلۆژیا کاریگەری هەبووە.

دەرکەوتنی هەر گروپێک کە لەئەنجامی موناقەشەی ئەدەبییەوە دێتەکایەوە، دەرکەوتنی کۆمەڵێک بۆچوونی نزیکە لەیەکتر، لەبەرامبەریشدا بەخشینی پەیکەرەیەکی ترە لەو تەشکیلانەی کە هەن، ئەم دەرکەوتنە بەشێکی بۆ جەنگی تازەگەری دەگەڕێتەوە و ئەدەبییەکان خەمی نوێخوازیان لەکۆڵ گرتووە، بۆیە لەرێگەی مانیفێستۆوە دەریدەبڕن، بەشەکەی دیکەیان ئەو جەنگەیە کە لەنێوان گروپی ئەدەبی شارەکاندا هەیە، بیانووکەش ئەوەیە کە جیاوازی ستایلی کارکردنە، یاخود جیاوازی بۆچوونە بەرامبەر بەزمانی ئەدەب.

ئەگەرچی مانیفێستۆ چ لەنێو فکر و چ لەنێو ئەدەبیاتی گەلاندا شتێکی نوێ نییە، لەنێو ئەدەبیانی گەلانی رۆژهەڵاتیشدا هەبووە، بۆ نموونە لەنێو فارسەکاندا، کەسانی وەک (بزورگی عەلەوی و سادقی هیدایەت و د. موسەدەق و هتد) هەبوون، ئەم ئەدیبانە لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕی رەوشێکی تایبەتی سیاسی

لەئێـران، ئـەو مانیفێسـتۆیەیان دەرکـرد، لەنێـو عـەرەب و بەتایبەتـی ئەدیبانـی عێراقیـش کەسـانی وەک (سـامی مەهدی و فـازل عـەزاوی و فـەوزی کەریم و خالید عەلی) بـوون، ئەمانیـش لەژێـر کاریگـەری فکـری چەپگەرایـی و وەزعـی سیاسـی ئـەوکات، لەگۆڤـاری شـیعری لوبنانـی خۆیـان رگەیانـد و مانیفێسـتۆکەیان بڵاویـان کـردەوە، بەهەمـان شـێوەش لەنێـو ئەدیبانـی کـورد، مانیفێسـتۆی ئەدەبـی گروپـی (کفـری و روانگـە لەسـاڵی ١٩٧٠) هەبـوون، هەروەهـا لەدەیـەی نەوەدەکانیشـدا مانیفێسـتۆی (وێـران) و پێشـتریش قوتابخانـەی هەولێـر هەبـووە، لەهەندەرانیش گروپی (رەهەندیەکان) لەپەنا کاری فکری و لێکۆڵینـەوەدا خۆیـان راگەیانـد، بـەڵام سـەرەنجام هیـچ یەکێک لـەو گروپانـە کاریگەریان نەخستە سـەر نـەوەکان و ئـەو سـتایلە ئەدەبیـەش کـە تائێسـتا کاری پێدەکـرێ، باشـتر بڵێـم هیـچ کامێـک لـەو مانیفێسـتۆیانە نەبـووە مۆدێل و گوتارێکـی زاڵـی ئەدەبی، چونکـە ئـەدەب کاری تـاک گەراییـە نـەک گـروپ، هـەر بۆیـە دواتـر لەبەریـەک هەڵوەشـانەوە.

دواجـار ئـەوەی کـە لەچەمکـی مانیفێسـتۆوە تێدەگەیـن، کارێکی دوو لایەنەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە لەپەنا دەقی

ئەدەبیدا موناقەشـەیەکی فکـری دێنێتـە ئـاراوە و بەنیـازە بـرەو بەجیـاوازی بـدات، دووەمیـان ئەوەیـە کـە لەپەنـا ئەدەبـدا جیـاوازی دەکوژێـت، ئـەوەی کـە موناقەشـە دروستدەکات، ئەوەیـە کـە سـایکۆلۆژیای تونـد دوور دەخاتـەوە لەدەقنووسێک کە رەخنە لەدەقەکەی دەگیرێ و بەئاسـایی وەریدەگرێ، ئەوەش کە جیاوازی دەکوژێ، ئەوەیـە کـە گروپێـک ئەوانـی دیکـە پەراوێـز دەخـەن و دەیانسـڕنەوە لەدونیـای ئـەدەب، بۆیـە مانیفێسـتۆ تەنهـا بۆماوەیەکـی کاتـی بـڕ دەکات نـەک درێژخایـەن، تەنهـا ئـەوە نەبێـت کـە دەقەکـە وەکـو بەشـێک لـە مێـژووی ئەدەبیـات و نووسـین هەڵدەگیرێـت.

## دەقی ناکامڵ

هـۆکاری زۆری بڵاوکـراوەی ئەدەبـی لەرابـردوودا، کارێکـی وەهـای کـرد تەرزێـک لەگەنـج درووسـت ببـن و خۆیـان بەدەقـی ئەدەبیـەوە خەریـک بکـەن و بۆشـیان بـڵاو بکرێتـەوە، بەبـێ ئـەوەی لانـی کـەم شـارەزاییان لەدەقـی بیانـی و عەرەبـی و فارسـی هەبـێ، ئەمـەش وای کـرد کـە دەقـی ناکامـڵ و کـرچ و کاڵ پەیدابێـت، ئـەم حاڵەتـە نـەک هـەر زیانـی گەیانـدە ئـەدەب بەتایبەتـی شـیعر، بەڵکـو زیانـی لەقودرەتـی ئـەو کەسانەشـدا کـە هەوڵـی جددیـان هەبـوو.

دەقی ناکامڵ تەنها لـەلای نـەوەی نوێ نابینرێ، بەڵکو هەمـوو ئـەو ئەدیبانـەی کـە نەبوونـە ئەسـتێرە لەئاسـمانی ئەدەبیاتـی کـوردی، هەمـان کێشـەی مەعریفیـان هەبـوو کـە ئێسـتا لەخوێندنەوەیانـدا باشـتر دەردەکـەوێ، بەشـێکی تـری ئـەو ئیشـکالیاتە ئەوەبـوو کـە رەخنـەی ئەدەبـی و خوێندنـەوەی دەق، کەمتـر ببـوو بەخەمـی گۆڤـار و بڵاوکـراوە ئەدەبییـەکان، یـان ئـەوەی کـە

بەخاتری مەحسوبیەت ئەو دەقانە بڵاودەکرانەوە، یان جاری وەها هەبوو بۆیان چاکدەکرانەوە و دەستکاری زمانەکانیان بۆ دەکردن، تائەو رادەیەی کە بۆهەندێک لەو بەناو شاعیرانە دەنووسرانەوە.

زمانزانی بۆ ئەدیب و شاعیر مەتلەبێکی بێ قەیدوشەرتە، مەبەستم لەزمانزانی ئەوەیە کە هەم شارەزایی لەزمانی دایک هەبێ، هەم شارەزایی زمانی دووەم بێت، دواتر تێکەڵ بەتێکشکانی زمان بکرێت، بەشێکی زۆر لەو دەقانەی کە بەناکامڵی بڵاوکراونەتەوە، هیچ مەرجێکی زمانەوانی و مەعریفەی زمانیان تێدانییە، ئەم حاڵەتە تائێستاش درێژەی هەیە، ئەگەر لەبڵاوکراوە جددیەکانیش فلتەر بکرێن، ئەوا بەهۆی زۆری و بۆری بڵاوکراوەوە دەردەکەون، یان ئەوەی کە بەبێ فلتەر لەدەزگاکانی رۆشنبیری بۆیان دەکرێ بەناملیکە و دیوان، بازاڕی کتێب فرۆشان جمەی دێت لەو کتێبە بازاڕیانەی کە دەڵێی تایبەتن بەهەرزەکاران.

لاسایی کردنەوە و دزینی رستە و وێنەی شیعری و موفرەدە لەدەقێکی ترەوە، بەڕادەیەک بەرچاوە کە نەک هەر شەرعییەتی داوە بەسەرهەڵدانی شاعیر لەنەوەی نوێدا کە نەوەی نوێ نیین، چونکە نەوە

بەمانای وەچەی تەمەن نایات، بەڵکو مانای فۆڕمێکی دیکەی ئەدەب و بەرهەمی نویێ یە، بەڵکو زۆرجار لەفیستیڤاڵەکانیشدا خەڵات دەکرێن و دەکرێنە ئەستێرە، گوناهی ئەم حاڵەتەیان لەئەستۆی نەوەی رابردووە، چونکە ئەو جۆرە لاسایی کردنەوە و دزینە، بۆتە مایەی دڵخۆشی بۆ نەوەی رابردوو، چونکە بەکۆپی خۆیانیان دەزانن، ئەوەی بەقوتابی رێچکەکانی خۆیانیان لەقەڵەمدەدەن، لەحاڵێکدا ئەم دیاردەیە لەنێو چیرۆکنووسانیشدا هەیە و نەکراوە بەمەشغەڵەتی ئەدەبی.

دەقی ناکامڵ نەک تەنها ئەدیبی ناکامڵ دروست دەکات، بەڵکو زمانی ناکامڵ و خوێنەری ناکامڵیش دروست دەکات، کاریگەری نێگەتیڤ دەخاتە سەر بڵاوکراوەکان، هەروەک چۆن ئەم حاڵەتە لەنێو کایەی رۆژنامەنووسیش هەیە و خراپ کەڵکی لێوەرگیراوە، بۆیە لێرە بەدواوە کاتی هاتووە مەرج بۆ کوالیتی دەق دابنرێ و جۆرێک سانسۆری مەعریفی هەبێ لەنێو گۆڤار و بڵاوکراوە ئەدەبیەکان، بەپێچەوانەوە ئەدەبی کوردی ناکامڵ دەبێ.

## دەقی وەرگێڕدراو

وەرگێـڕان بۆخـۆی کردەیەکـی ئاڵوگۆڕکـەرە لەنێـوان دوو زمـان، یـان چەنـد زمانێـک و جۆرێکـە لەگۆڕینـەوەی کوولتـوور، یـان ئـەوەی پێیدەگوترێـت گەیاندنـی ئامانەتـە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی بیانی، بۆیـە وەرگێڕانی دەق کەبەشـێکە لـەو کایەیـە زۆر لەوەرگێڕانـی نووسـێنێکی دیکـە، یـان باسـێکی فکری قورسـترە، بەتایبەتـی ئەوکاتـەی دەبینیـن کـە زمانێـک ناتوانێ تەعبیـر لەزمانێکـی تـر بـکات و دەقەکـە وەکـو خـۆی بگەیێنێتـە خوێنـەر، لـەم حاڵەتـە نێگەتیڤـەدا هێنـدەی دووچـاری ئیشـکالیاتی ئەدەبـی دەبینـەوە، هێنـدە کەڵـک لەدەقەکـە وەرناگریـن.

حاڵەتێکی دیکـەی نێگەتیڤی دەقـی وەرگێـردراو ئەوەیـە کـە زۆرجـار ئەمانەتـی تێـدا نییـە، دیسـان ئـەم حاڵەتـەش زۆرجـار لەوەرگێڕانـی دەقێکـی بیانـی بـۆ عەرەبـی هەسـتی پێکـراوە، ئەدەبـی کوردیـش بـێ کێشـە نەبـووە لەکێشـەی وەرگێڕانـی دەقـە ئەدەبییـەکان، وەختێـک بینیومانـە دەقێکـی ئەدەبـی بـڵاو کراوەتـەوە و هـەرای

ناوەتەوە، چونکە بەمانای وشە کاری تێدا کراوە، بەبێ ئەوەی بەهیچ فلتەرێکدا تێپەڕبووبێت، یاخود هیچ نەبێ ئەگەر بڵاوکراوەکە حیسابی بۆ خوێنەریش نەکردبێت، حیسابی بۆ مافی دەقەکە و خاوەن دەقەکە کردبێت.

یەکێکی دیکە لەوحاڵەتە نێگەتیڤانەی وەرگێڕی کوردی کە ئاگای لێ نییە، ئەوەیە کە تەنها دەقی بیانی وەردەگێڕێ بۆسەر زمانی کوردی، لەحاڵێکدا کورد ئێستا دوای ئەوەی ئەو هەموو دەقە عەرەبی و فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی و بیانیانەی تر، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، کاتی هاتووە کە بەپێچەوانەوە دەقی کوردی پێویستی بەوەرگێڕانە بۆسەر زمانەکانی تر، بۆ ئەوەی هەم ئەدەبیاتی کوردی لەو ڕێگەیەوە بناسرێ، هەم مافی ئەدیبەکان نەخورێ کە دەق هەیە هیچی لەدەقی بیانی کەمتر نییە، ئەم حاڵەتە دیسان گومانێکی لەلا درووست کردووم، ئەوەی کە تێگەیشتنێکی بۆ درووست کردووین، وەرگێڕی کوردی زمانی تر نازانێ، بۆیە تەنها لەزمانی ترەوە دەق وەردەگێڕێ، چونکە لەوەرگێڕانەکانەوە بەدەر دەکەوێت، ئەوکاتەی دەبینین لەگەڵ ئەدیبێکی عەرەبی یان فارسی شارەزای دەقی کوردی نییە، هاوڕێیەکی

خـۆم لەلوبنـان کەسـێکی ئەدیبـی بینیبـوو، پێـی گوتبـوو «کتێبێکی کوردیم کڕیوە لەپێشـانگایەک، بەڵام داخەکەم تەنها ناونیشـانەکانی بەعەرەبی و ئینگلیزیـە، نازانـم چـی نووسـراوە و شـارەزایی کوردیشـیم نییـە، بۆچـی ئێـوە هەوڵنـادەن دەقەکانتـان بکەنـە عەرەبـی»، ئـەم چیرۆکـە هـەم بـۆ هاوڕێکـەم و هـەم بـۆ تـەواوی ئەدیبـان دەبـێ ناخـۆش بێـت، چونکـە ناکـرێ گەلێـک تەنهـا خزمەتـی گەلانـی تـر بکات و خـۆی فەرامـۆش بکات، ناکرێ گەلانـی تـر لەپێشـبڕکێی ئەدەبیاتدا بەشـداری بکـەن و کـورد تەنها وەکـو هـەواڵ بڵاویـان بکاتـەوە، ناکـرێ کـورد ئـەو کێشـە سیاسـییانەی خـۆی کـە هەیەتـی و بریتییـن لەئەنفـال و جینۆسـاید و کیمیابـاران و هتـد، کراوەتـە ڕۆمـان و چیـرۆک و شـیعر، تەنهـا خـۆی ببینـێ و بیخوێنێتـەوە، خوێنـەری نەتەوەکانـی تریـش نەزانـن دەقەکـە چییـە و ئـەم خـاوەن زمانـە چـی بەسـەر نەتەوەکـەی هاتـووە، بۆیـە دەقـی کـوردی پێویسـتی بەناسـاندن هەیـە نـەک ناسـاندنی دەقـە بیانییـەکان.

حاڵەتێکی دیکـەی ئـەو دەقانـەی وەرگێـڕدراون بۆسـەر زمانـی کـوردی و کێشـەیان تێدایـە، ئەوەیـە کـە کـورد دەزگای تایبـەت و پرۆفیشـناڵ و تایبەتمەنـدی نییـە، تاکـو

دەقەکـە لەرێگـەی لێژنەیەکی زمانزانـەوە بـژاردە بکرێـت و گرنگــی خــۆی هەبــێ، بەپێچەوانــەوە وەکــو کارێکــی ئارەزوومەندانـە تەماشـا کـراوە، بۆیـە خوێنـەر بـاوەڕی بەدەقــی وەرگێـڕدراو نەمـاوە، ئەمــەش گورزێکــی تـری کوشــندەیە لەرۆشــنبیری کــوردی.

## ستۆری «چیرۆک»

هەرکـە زاراوەی چیـرۆک بەکاردێـت، راسـتەوخۆ خوێنـەر بیـری بـۆ دەقـی ئەدەبـی دەچێـت، بـەڵام راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە هـەر دەقێـک کارەکتـەری تێدابـوو، گێڕانـەوە و زەمـەن و رووداوی تێدابـوو، شـێوەیەکە لەدەقـی رۆژنامەنووسـی، چونکـە سـتۆری، یاخـود بەزمانـی کـوردی چیـرۆک، یەکێکـە لەرەگـەزە هـەرە گرنگەکانی کاری رۆژنامەنووسی، ئەو کاتەی کە دەبینیـن رۆژنامەنووسـێک رووداوێـک دەگێڕێتـەوە یـان رابـردووە، یـان لەئێسـتادا روویـداوە و دەیـکات بـەکاری رۆژنامەنووسـی، ئەوکاتەیـە کـە سـتۆرییەکە پەیوەسـت بـووە بـەکات و شـوێن و گێـڕەرەکان، سـابا گێـڕەر، تـاک بێت یـان بەکۆمـەڵ، پاڵەوانـی ستۆرییەکە تـاک بێت، یـان فـرە پاڵـەوان بەومانایـەی چەنـد پاڵەوانێکـی تێدابێـت، لەهـەردوو بارەکـەدا سـتۆری یـە، بـەڵام بـەدوو سـتایلی جیـاواز.

ئـەوەی کـە سـتۆری ئەدەبیـە بریتـی یـە لەدارشـتنێکی

هونـەری، زمانەکـەی تەنهـا بریتـی نییە لەزمانـی سـادە و گێڕانـەوە واتـە (سـرد)، بەڵکـو زمانـی دەقەکـە پەلدەهـاوێ بـۆ سـەر زمانـی دووەم کـە شـیعری یـە، یـان باشـتر بڵێـم زمانێکـە جـەدوای نییـە واتـە کۆتایـی نایـات، رەنگـە زۆرجـار بێزارکەریـش بێـت بـۆ خوێنـەر، هەندێجاریـش خوێنــەر دەباتــە خەیاڵــی رووداوێکــی فەنتــازی یــان خەیاڵــی، کــە رەنگــە تێرامانــی زیاتــری گــەرەک بێــت، یاخـود ئـەوەی بیـر لەپشـتی دەقـە نووسـراوەکە بکاتـەوە، بەمـەش خوێنـەر کەڵـک لەزۆربـەی رەگـەزە ئەدەبییـەکان دەبینێـت، چونکـە ئـەدەب تەنهـا ئـەدەب نییـە و بـەس، بەڵکـو وێـڵ بوونـە بـەدوای مەعریفـەی زیاتـر.

هەرچـی سـتۆری رۆژنامەوانییـە کـە جیـاوازی هەیـە لەسـتۆری ئەدەبـی، لەوێـدا دەردەکـەوێ کـە جۆرێکـە لەلێکۆڵینــەوەی یاســایی، هەروەهــا ئاشــکرا کردنــی داتایەکـە کـە خوێنـەر لایەنەکانـی تـری درک پێنـاکات و شـاراوەیە، جگەلـەوەش سـتۆری رۆژنامەوانـی بەزمانـی خاکـی و سـادە دەنووسـرێتەوە، نـەک زمانـی شـیعری یـان درووسـتکردنی خەیـاڵ و فەنتازیـا و حەبکـە، بـەڵام ئـەم دوو سـتایلە سـتۆری یـە لەیـەک خاڵـدا هاوبەشـیان هەیـە، ئەویـش گەڕانـە بـەدوای روداوی مێژوویـی، یـان

خولقاندنی رووداوێکی خەیاڵی، یان لەبنچینەدا رویداوە یاخود پێشبینی رووداني دەکرێت.

لەمدواییەدا ستایلێک لەستۆری درووست بوو لەنێو ئەدەبیاتدا، هەمان ستایلی ئەو ستۆریەیە کە لەنێو کاری رۆژنامەوانیدا هەیە، بۆ نموونە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی رۆمانسی، بەکارهێنانی کەسی یەکەمی تاک کە خاوەنی گرێکەیە، کورتەباسێک کە لەرۆژنامەوانیدا پێی دەڵێن، «لید» دواتر باگڕاوندێکی رووداوەکە، پاشان پردێک لەنێوان بابەتەکەو پشتی رووداوەکە و گێڕەر، یان ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کەسی یەکەمی تاک یان هەموو شت زان، پاشان گرێدانەوەی دەقەکە بەو وتانەی کە لەسەرەتای ستۆری یەکەدا هاتووە، هەموو ئەمانە خاڵی هاوبەشی ستۆری ئەدەبی و رۆژنامەوانییە.

ئەوەی کە خاڵی ناکۆکی نێوان ستۆری ئەدەبی و ستۆری رۆژنامەوانی یە، ئەوەیە کە دەقنووسی رۆژنامەوانی ناتوانێ بەئارەزووی خۆی دەقێک دابڕێژێ و ناوی لێبنێ، چونکە لەکاری رۆژنامەوانیدا ئیتیک و راستگۆیی هەیە، بەڵام لەستۆری ئەدەبیدا دەقنووس بۆی هەیە ستۆری یەک بنوسێتەوە کە نەک هەر

ڕووداوێکـی لەوجـۆرە نەبـووە، بەڵکـو بەخەیاڵـی خـۆی دەتوانـێ خوێنـەر بباتـە نێـو دونیایەکـی تـەواو جیـاواز لەواقیـع، واتـە حاڵەتـی وەهـم و حاڵەتـی سـایکۆلۆژی، یاخـود گـەڕان بـەدوای ئـەو گـرێ دەروونیانـەی کـە لەکۆمەڵگـەدا هەیـە. ئەمـە جگەلـەوەی کـە ئیتیـک لەدەقـی ئەدەبیـدا کاری پێناکـرێ ئەگـەر ئامـاژەی راسـتەو خـۆ نەبێـت، بـۆ نموونـە باسـی نەتـەوە یـان گروپێکـی ئیتنیکـی یـان ئایینێـک نـەکات، یـان کەسـایەتییەک بریـندار نـەکات بەنـاو هێنانـی، بـەڵام سـەرەنجام لەهـەردوو بارەکـەدا واتـە سـتۆری ئەدەبـی و سـتۆری رۆژنامەوانـی، یـەک ستراتیژیان لەپشـتەوەیە، ئەویـش گێڕانـەوەی ڕووداوێـک یـان بابەتێکـە بـەو سـتایلەی کـە لەمدوایییـەدا درووسـت بـوو، ئەویـش لەئەنجامـی خوێندنـەوەی سـایکۆلۆژیانەی رۆشـنبیرانی هـەردوو بوارەکەیـە بـۆ خوێنـەر، مەبەسـت لەخوێندنـەوەی سـایکۆلۆژیای خوێنـەر ئەوەیـە، چـۆن دەقنـووس بتوانـێ بـەو سـتایلە خوێنـەر بکاتـە هـاوڕێ، یـان یەکێـک لەپاڵەوانـی چیرۆکەکـە.

## نیهلیزم

(نیهلی لەوشـەیەکی لاتینیـەوە هاتـووە واتـە (هیـچ) ە، نیهلیـزم ماناکـەی دەبێتـە (هیـچ گەرایـی) هەندێکجاریـش پێیدەڵێـن (پوچگەرایـی) و بـەو مانایـە دێـت ئەوانـەی کەلایەنگـر، یـان سـەر بـەو جهانبینیـەن و ئینتیمایـان بـۆی هەیـە وەکـو کیرکەگـۆرد و شـۆپنهاوەر و نیچـە کەهاوزەمانـی یەکتـر بـوون.

لەکورتریـن مانـا و پێناسەشـدا، واتـە بێبایـەخ کردنـی هـەر شـتێکی بەبەهـا کـە بەهـۆی هـەر بەڵگەیەکـەوە بێـت بەرامبـەر هـەر دیـاردە یـان بۆچوونێـک کـە پشـت بـە ئامانجێک دەبەستێت و گەشـە بەعەقڵباوەڕی دەدات، «ئەم دونیابینیـە ئاراسـتەیەک بـوو مۆدێرنیتـە لەسـەروەختی خۆیـدا بەرهەمیهێنـا، بـەم تیگەیشـتنە مەبەسـتە بـەرزەکان هەموویـان بـێ بایـەخ دەبـن و قۆناغێکـی ناهەرمانـی و دەکەویتـە مەترسـیەوە، چونکـە گەلێـک بایەخـی بـەرزی تـر، دەستبەجێ و پێش ئەوەی بایەخەکانی پێشـوو لەنێو

بچن، زاڵ دەبن، لە دیالێکتیکدا تەنیا پۆزەتیڤیستەکان دەرکەوتن، هەموو بایەخێکی بەرز بەچ شێوەیەک دەسەلمێنێ، بەتەنز؟، بەڵام تەنز هەمیشە لەپێگەیەکی جێی دڵنیاییەوە و لەتوندو تیژیەوە سەرچاوە دەگرێ.

سەرهەڵدان و هاتنی فکری نیهلیزم بۆ نێو دونیای ئەدەب و تێڕوانینەکانی دیکە بۆ ژیان و کۆمەڵگە، هەمان ئەو فەزایە نەبوو کەرۆژگارێک ئەوروپای گرتبۆوە، یان ئەوەی ئاین و ئاینگەرێتی خولّقاندبووی، رەنگە بەشێکی بۆ فەزای سیاسی ئەوکات بگەڕێتەوە کەهێزە ستەمکارەکان وەگەڕیانخستبوو، لەپەنا ئەمەشدا کۆنەپەرستی خەریک بوو جارێکی دیکە بەشێوەیەکی فراوان چەکەرەی دەکرد، لەمڕاستایەشدا رۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب هیچ توانایەکیان نەبوو بەرانگاری ئەو تەوژمە بوەستنەوە. جکە لە نهلیزم بوون.

بەشێکی دیکەی نیهلیزمی کوردی بۆلاوازی و هەژاری لەبیرکردنەوە و هۆشیاری بووە، بەڵام بەشە گرینگەکەی ئەوەبوو کە چەمکەکە لەنوێ هاتبووە نێو دونیای ئەدەبیەوە، بەوپێیەی کەهیچ باگڕاوندێکی مەعریفی نەبوو تاکو ئەو وردەکاریەی کە نیچە درکاندی و پێی لەسەر دادەگرت و بیانووی بۆ بهێنرێتەوە.

نیهلیزمـی ئەدیبـی کـوردی لەویـوە هاتبـوو کـە هیـچ ئەلتەرناتیڤێکـی نەبـوو بـۆ شـێوەی بیرکردنـەوە و ئاڵوگـۆڕ لەپەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان، واتـە لایەنگیـری لەهیچـکام لـەو بیرکردنەوانـە نەکـردووە کـە گوتـاری ئیدیالیـزم یـان ماتریالیـزم بەرگرییـان لێدەکـرد، بۆیـە ڕێگەیەکـی بەرزەخیـان گرتبـووە بـەر و کەڵکیـان لـەزاراوەی سـەربەخۆیی وەرگرتبـوو، سـەربەخۆییەک کەجگـە لەبێ هەڵوێسـتی هیچـی دیکـە نەبـوو، لەحاڵێکـدا نیهلیـزم جەنگێکـە ماهیەتـی شـتێک دەنرخێنێ و ماهیەتـی شـتێکی دیکـە و بەهاکـەی بێنـرخ دەکات، ئەدەبی کـوردی لـەو پنتـەدا بێبەرهـەم بـوو کـە لانیکـەم دەبـوو ڕەوتێکـی ئەدەبـی بخوڵقێنـێ کـە نیهلیزمیەتـی پێوەدیاربێـت دژی سیاسـەت.

نیهلیـزم لەشـوێنێکی دیکـەدا بۆخـۆی بەشـێکە لەجـۆرە ئیرادەیـەک بەرامبـەر ئیرادەیەکـی سـەرکەوتکەرانە، ئـەم چەمکـە کاری خـۆی نەکـرد کـە خـۆی لەجەنگێکـی نادیـاردا ئاشـکرا بـکات، بەڵکـو خـراپ ڕەنکیدایـەوە لەئەدەبدا، وەختێـک کەئەمـە نەکـرا بەخەمێـک و شـێوەی بیرکردنەوەکـە جێگـەی قەبـوڵ نەبـوو، بـەڵام نەشـتوانرا شـۆڕبکرێتەوە بـۆ خـوارەوە کـە خوێنـەر و گروپـە

کۆمەڵایەتیەکان زیاتر هەستی پێبکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا پێچەوانەکەی کرا بەمۆدێل و زۆربەی ئەوانەی بەناوی رۆشنبیر و نووسەر و قەڵەمبەدەستەوە کاریان دەکرد، نەک هەر نیهلیستی نەبوون، بەڵکو زۆر واقیعیانە بوون.

## مانا و پێناسەی میتۆد

ئـەم بابەتـە واتـە میتـۆد، بابەتێکـی هەسـتیاری فکرییـە کـە پێدەچـێ لەمدوایـەدا کەمتـر بایەخـی پێدرابێـت لەفـەزای ئەدەبیـدا، بـەڵام کارەکـە لەمێـژە هەیـە و هیـچ کەلێنێکیشـی بـۆ ئیسـتاتیکا و هونەرەکانـی دیکـەی ئـەدەب نەهێشـتۆتەوە، بەوپێیـەی کـە دەیـان بیرمەنـدی ئـەم بـوارە بـەم کارە هەڵسـاون، «بـۆ نموونـە (فیلاریـت شـال) بـە بیسـت بـەرگ بەرهەمـە بەنـاو بانگەکـەی چاپکـردوو و ناونیشـانی گشـتی (لێکۆڵینـەوە بـە میتۆدی ئەدەبی بـەراوردکاری) ١٨٤٧_١٦٦٤ هەبوو. لـە ئەنجامی ئەمـەوە هەمـوو بنەمایەک هەیـە بۆ ئـەو دانەرانـەی ناویـان هـات بـە هەوەڵیـن بـەراوردکاری دابنێیـن، هەرچەنـدە نابـێ جـارێ سـێ هەبوونـی میتۆدۆلۆژیـا بکەیـن، لەسویسـراش لـە هەوەڵیـن دەیەکانـی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە لایەنگرانـی ئەدەبـی بـەراوردکاری پشـتگیری گەرمـی لێکـرا، دوابـەدوای سیسـمۆندی کـە بەرهەمـی دەربـارەی باشـوری ئەوروپـا ١٨١٣ هەبـوو، یۆزیـف گۆرنۆنـگ پسـپۆڕی بـەراوردکاری یاسـا بـوو، پێشـنیاری بـۆ دەکـرێ کـە کۆرسـێک دەربـارەی ئەدەبناسـی بـەراورد لـە لـۆزان بەڕێوەبەرێـت (١٨٥٠) لـە زانکـۆی ژنێـف بەدرێژایـی نیـوەی دووەمـی سـەدەکە هەنـدێ لـە بـەراوردکارە بـە ناوبانگەکانـی

وەک ریشا رمۆنی و رۆد، هاوکاری یەکدییان کردووە، هەروەها تیوەژەرە ئیتالیەکانیش کە لەنێویاندا و پێش هەموویان دەبێ ناوی نیکۆلۆ ئۆگۆفۆسکۆلۆ بهێنین کە زۆر نەبوو ببێتە پرۆفیسۆری وانەبێژی زانکۆی پاڤییان (بنەوان و ئەرکی ئەدەب) ١٨٠٩ کە وانەی دەگووتەوە لەچەردەیەک کێشەی ئەدەبناسی و بەراوردیش دەدوا».

قسەکردن لەسەر میتۆد شتێکی ئاسان نییە، چونکە پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، یەکێک لەو پێناسانەش بریتییە (لەوەسف یان مانای گشتی بۆ دەق)، سابا هەر دەقێکی ئەدەبی بێت، گرینگ ئەوەیە پێناسەیەکی دیکە ئەوەیە کە بریتییە (لەلێکۆڵینەوە یان شیکردنەوەی تێکستێک بەرمەبنای فکرێکی دیاریکراو)، یان تێکستێکی ئەدەبی یان زانستی و هتد، لەپێناسەیەکی دیکەدا (رۆمەن یاکۆپسن) (١٨٩٦_١٩٨٢) زمانناسی ئەدەبی روسی، پێیوایە بەکارهێنانی میتۆد، بەمانای گەنجبوونەوەی دەق دێت، سەرهەڵدانی ئەم چەمکە فکرییە بە رێوڕەسمێکی مێژووییدا تێپەڕیوە و لقی جیاوازی لێبۆتەوە، وەکو توێژینەوە لەزمانناسی و ئەنتۆلۆژی کە (لیڤی شتراوس و تەزفیتانت تۆدۆرۆف) سەرمەشقی بوون، بەو پێیەی کە زۆربەی چەمکە فەلسەفییەکان سەرچاوەکەی ئەسینایە، بۆیە یەکەمین جار کەسێک کە زاراوەی میتۆدی بەکارهێناوە، (ئەفلاتۆن) بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر سیستمی دەوڵەت کە ئەوکات بەدەوڵەتشار ناوینراوە، دوابەدوای ئەویش

(ئەرستۆ) بۆهونەر و ئەدەب و سیاسەت کاری پێکردووە، دواتریش لەسەردەمی ڕێنسانسدا کەسێکی وەکو (فرانسیس بیکۆن) کە ساڵی ١٦٢٦ کۆچی کردووە و کەسێکی وەکو (دیکارت) لەسەدەی حەڤدەهەم لەبواری عەقڵ و ئاشکراکردنی هەقیقەت و لەبواری زانستدا کاری پێکردووە، لەدوای ئەو کەسێکی وەکو (ئەمانوئێل کانت) کە لەساڵی ١٨٠٤ لەبوارەکانی میتۆدۆلۆژیادا و ئەخلاق و سیاسەت زاراوەی میتۆدی بەکارهێناوە، دوای ئەویش (کلۆد برنار) لەساڵی ١٨٧٨ کاری بەمیتۆدی واقیعیانە کردووە و گوتوویەتی، بەمپێیەش بێت « میتۆد یەکێکە لەو شێوە زانستانەی کە بەنەفعی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە تایبەتە بەئەزموونگەرایی لەزانستێکی دیاریکراودا. بەڵام هەموو ئەو فەیلەسوفانە لەسەر ئەوە کۆکن کە میتۆد کارێکی زەحمەتە و زۆرجار بەرهەمی راستەقینە و کۆنکرێت بەدەستەوە نادات و ڕێگە بەبۆچوونی دیکە دەدات . هەر لەمبارەیەوە (رینێ وێلک) رەخنەگرێکی بەناوبانگی بواری ئەدەبە و وای پێناسەکردووە کە دەتوانرێ لەرێگەی میتۆدەوە لێکۆڵینەوە لەبابەخە سەرەکیەکانی ئەدەب بکەین و لەوێوە دەتوانین ئەدەب لەکایەکانی دیکە جودابکەینەوە و وەزیفەی ئەدەب دیاریبکەین. من بۆیە دەمەوێ ئەدیبی کوردی لەم سەردەمەدا سەرقاڵی میتۆدبێت، بۆ ئەوەی کە دەست دەبات بۆ خوێندنەوەی دەقێکی کوردی، پشت

بە میتۆدێکی دیاریکراوی ئەدەبی ببەستێت، نەک ئەو هەرەمەکییەی کە لە دونیای ئەدەبیات و خوێندنەوە بۆ دەقی کوردیدا دەبینرێت، ئەم سەرقاڵییە دواتر دەرەنجامە پۆزەتیفییەکەی دەبینرێت، وەختێک هەردوو جۆرە خوێندنەوەکە بەراورد دەکەین.

رەنگە میتۆد یان تیۆری سیستمی کۆمەڵایەتی، سەختترین میتۆدێک بێت کە دەتوانێ فەلسەفەی بوونی زمان و جۆرە جیابووەوەکانی ئاشکرابکات، یان ئەوەی کە هەندێکجار فەلسەفە بایەخی تەواوی پێداوە کە لەرەوتی مێژوودا شیکاری کردووە و کۆمەڵگەش درەکی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە و دواتر گەشەی کردووە، ئەوەی لەبارەی ئەدەبدا کاری پێدەکرێ، بۆ نموونە تیۆری نموونەدانانە کە بۆ کاری دیکیۆمێنتاری کەڵکی لێوەر دەگیرێت و تیۆری هەستیاری کە بۆ داتاخوازییە و تیۆری پێکهاتەخوازی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەمرۆناسییەوە هەیە و گومانخوازی و زنجیرەیی و هتد کاری پێدەکرێ.

ئەو تیۆرانەش کە لەبواری کۆمەڵناسیدا کارییان پێدەکرێ. تیۆری بنەڕەتی یە، بۆ نموونە وەکو پێشتر باسمانکرد میتۆدەکانی ئەفلاتون بۆ پەروەردە، ئەرستۆ بۆ سیاسەت و ئەدەب، ئەرخەمیدس و باسکاڵ بۆ یاسا فیزیکیەکان، نیوتن بۆ کێشکردنی زەوی، دیکارت بۆ تاکگەرایی و زانستەکان و عەقڵ، ماکس فیبەر بۆ

سۆسیۆلۆژی سیاسی، هانس جۆن گادامیر و پۆر ریکۆر بۆ هێرمۆنتیکا و رۆلان بارت بۆ شیتەڵکردنی دەق لەئەدەبدا، میشیل فۆکۆ بۆ بونیادگەری کۆمەڵایەتی و درێدا بۆشیتەڵکاری فراوان کە هەڵوەشانەوەگەراییە و هتد. ئەمانە هەریەک لەشوێنی خۆیاندا جێکەوتەبوون و دواتریش بوون بەبنچینەیەک بۆ ئەو تیۆرانەی کە لەدوای ئەوان سەریانهەڵدا.

ئەگەرچی من نامەوێ موناقەشەی هەر یەک لەو میتۆدانە بکەم کە لەسەرەوە بەنموونە هێناومەتەوە، بەڵام بەوپێیەی کە هەموو ئەمانە لەزەمەنی خۆیاندا نامۆ بوون بۆکار پێکردن و وەرگرتنی لەلایەن خوینەرەوە، دەکرێ تەنها ئەو میتۆدانە بخەمە بەرباس کە لەنێو کایەی ئەدەبدا پراکتیک کراون، هەروەک چۆن میتۆدگەراکانی وەکو لوسیان گۆڵدمان و جۆرج لۆکاش و گادامیر وئەلیوت وهتد، هەریەکەیان بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەتایبەتی بۆ ئەدەب، دەکرێ ئێمەش لێرەدا قسەیەکی لەبارەوە بکەین و بەشێوەیەک لەشێوەکان بەسەر دەقی خۆماڵیدا پراکتیکی بکەین، لەوێشدا کە بزانین چ میتۆدێک و چۆن لەسەر دەقێکی خۆماڵی پراکتیک کراوە، ئەمە لەکاتێکدایە هەموو ئەو میتۆدانە دواتر نەک هەر لەپرۆسەیەکدا پراکتیک کراون، بەڵکو بۆ ژیانی ئاسایی ئینسانیش کەڵکی لێوەرگیراوە و نووسەر و رەخنەگری کورد تائێستا کەڵکیان لێوەرنەگرتووە، خۆ ئەگەر

کەڵکیش لەم میتۆدانە وەرگیرابن، هەوڵێکی روون نییە کە رەخنەی کوردی لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابن و هەروەها بیانناسینەوە لەبارەی ئەدەب بەگشتی و دەقی کوردی بەتایبەتی و پێمان چۆن و بە چ شێوەیەک بایەخی بە تیۆری رەخنەیی داوە، هەروەک ئەوەی پێشو باسمان لێوەکرد، دەبێ خۆمان سەرقاڵی ئەم لایەنە لەمیتۆدی ئەدەبی بکەین.

لەکاتێکدا خودی میتۆدە فکری و فەلسەفیەکان لەبەرامبەر پرسیاردان و هیچکامێک لەو قوتابخانانە بەشێوەیەکی رەها وەرنەگیراون و هەر یەک لەو بیرمەندانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان بۆ کایە جیاوازەکان و بەتایبەتیش ئەدەب پراکتیکیان کردووە، بەڵام کارکردنی رەخنەگر و خوێنەری کورد هیچی بەرهەم نەهێناوە لەو میتۆدانەی بەسەر دەقیکدا گوایە پراکتیکی کردووە، جگە لەوەی وەرگیراوە لەپراکتیکی دەقێکی بیانی، تائەو جێگەیەی هەندێ جار دەچنە خانەی سەفسەتەبازی و وەرگرتن و گەمەی زمانەوانیەوە. هەروەک ئەوەی کە (جۆناسان کالێری) موناقەشەی کردووە، «رەخنەگری کورد قەت هاوبەش نەبووە لەگەڵ کولتوور و هەوڵە رەخنەییانەی کە ئەمڕۆ هەن، بەڵکو لەژێر پەردەی لاسایی کردنەوە و جوینەوەی بیروڕای ئەم و ئەودا لەتیۆرناسان و خاوەن بۆچوونانی تیۆری رەخنەیی نووسینێک دەنووسن لەرەخنەدا کە سیفەتی نە تیۆری و

نەزانستیان تێدانییە، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەو دژ بەیەکییە و ئەو نەگونجاندنە دەگەڕێتەوە کە لەنێو یەک یان دە نووسینی نووسەرێکی دیاریکراو هەن، لەنێو نووسینە رەخنەییەکانیشیاندا کە تیایاندا هەیە جارێک بیروڕاو بۆچونی رەخنەگرە ئیدیۆلۆژیەکان هەڵدەگرێتەوە، جارێکی دیکەش رەخنەی ئیدیۆلۆژی رەتدەکاتەوە، جارێکی دیکە بیری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی و زمانەوانی و دەروونی لەیەک نووسیندا کۆدەکاتەوە و جاریکی دیکەش بەناوی بونیاتگەرییەوە دەربڕین لەبیرە ئیدییۆلۆژیەکان و بیرە سیاسیەکان دەکات». بەهەرحاڵ هەمیشە نووسەر و رەخنەگر و لێکۆڵەر، کاریگەری ئەوانی دیکەی بەسەرەوەیە بۆ پاڵپشتی کردنی بۆچوونەکانی لەمەڕ دەقێکی ئەدەبی، بەلام کاریگەری و لاساییکردنەوەی ئەوانی تر لەلای نووسەری کورد بێشومار و هەڵەی تیۆری بێڕادەیە کە پراکتیک دەکرێت و وەکو خۆراکێکی خراپ دەرخواردی خوێنەری کورد دەدرێت.

کاریگەری ئەو میتۆدانەی کە تاکو سەدەی بیستەم، رەوتی جیاوازیان وەرگرت و بەردەوامیان هەبوو، ئاسۆی بیرکردنەوەیەکی نوێی بۆخودی مەعریفە و بابەتی مەعریفی خولقاند، (ئاسۆیەک کە ئینسان بۆخۆی بیر لەمەعریفە بکاتەوە، نەک مەعریفە بەبیرکردنەوەیەکی کۆنکریتیەوە خۆی بەسەر ئینساندا بسەپێنێ)، لەوانەش میتۆدی واقیعی و میتۆدی بونیادگەری و واقیعی و

دەروونناسـی و هەڵوەشـانەوەگەرایی و هێرمۆنتیـکا و سیمۆلۆژیا و پێکهاتەگەرایی بوون. هـەروەک عەلی حـەرب دەڵـێ: تێکسـت کەرەسـتەیەکی مەعریفیـە و بوارێکـە بـو بەرهەمهێنانـی مەعریفـە، وامـان لێـدەکات کـە لەمەعریفـەی رابـردوو بڕوانیـن، ئەمـە کاری لێکۆڵەرەوەکانـە کـە هەنـدێ جاریـش جیـاوازی مەعریفـی خوڵقانـدووە. خوێنـەر و رەخنەگری کـوردی. بەهەمـان ئاراسـتە عـەرەب تەماشـای ئـەدەب دەکـەن و لـەو داتایـەش شـارەزاییان نییـن کـە بونیادگـەرەکان پاسـاویان بـۆی هەیـە، گوایـە ئـەم چەمکـە تەنهـا بریتیـە لەزمانحاڵـی مرۆڤـە هاوچەرخـەکان، بۆیـە هـەر لەدەرەنجامـی ئەمەشـە کـە گوایـە فەلسـەفە چیتـر پێویسـت نییـە بـۆ خوێندنـەوەی تێکسـتەکان، لەکاتێکدا ئـەم تێگەیشـتنە جگەلـەوەی خـۆ دەربازکردنـە لەبەرپرسـیارێتی بەرهەمهێنـان، هیچـی تـر نەبـووە کـە خوێنـەری کوردیشـی ناچـار بـەم هەڵەیە کـردووە، چونکـە ئـەم رێبـازە شـەرعیەت دەدات بـە فـەوزای بەرهەمهێنـان بەنـاوی دانـەرەوە کـە دەق بـووە بەئاسـانترین بەرهـەم و دانـان لەبـواری ئەدەبـدا، بـەڵام هـەروەک دەرکەوتـووە ترسـێک هەیـە لـەوەی وەکـو نیچـە و فۆکـۆ بانگەشـەی مەرگـی خـوا و مەرگـی مرۆڤیـان کـرد، لەبـەر ئـەوەی قورسـترین بانگەشـەیە کـە لـەرووی مەعریفیـەوە، تەنانـەت لەنێـو تێکستیشـدا ترسـێک هەیـە لـەلای ئەدیبـی کـورد کـە خۆیـان بـە لایەنگـری بونیادگـەرەکان دادەنێـن، بچنـە پشـتی ئـەو بانگەشـانەوە

کە ئەدەبی خستۆتە خزمەت کایەکانی ترەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کە ئیدیعای ئەوە دەکات بونیادگەری خزمەتی گەورەی زمانی کردووە، ئەدیبی کوردی لەسەر بونیادنانەوەی زمانی کوردیشدا کە لەرێگەی دەقەوە بەرهەمدێت ئەوەی نەکردووە، بەڵام وەکو تاقمێک و بزاڤێکی لاسایی کەرەوەی رۆژئاوا، هیچ رۆڵێک نابینن جگە لەخۆ جیاکردنەوە لەئەدەبیاتی رەسەنی کوردی، بۆیە ئەو نووسینگەلەی کە بەناوی میتۆدگەراییەوە قسە لەسەر دەق دەکەن، نەک هەر کێشەکەیان چارەسەر نەکردووە، بگرە خۆیان بوون بە کێشەی ئەدەبی کوردی، رەنگە هەر ئەو هەوڵە نەزۆکانەش بێت بۆ لاساییکردنەوەی دەقێکی عەرەبی بەسەر دەقێکی دیکەی کوردییەوە بێت کە هیچ گەوهەرێکی تێدانییە لەرووی تیۆری و بۆچوونی سەربەخۆوە و هیچ کاریگەرییەکی نییە بەسەر دەقەکەوە، یان بەلانی کەمەوە دەقەکە خۆی هیچ توانایەکی وەهای نییە ئەو دەقە تیۆرییەی بەسەردا پراکتیک بکرێت، بۆیە خوێنەری رەخنەی کوردی نەک هەر نائومێدە لەنووسینی وەها، بگرە بەگومانەوە تەماشای ئەو جۆرە نووسینە دەکات بەناوی تەوژمی خوێندنەوە و رەخنەگری کوردییەوە بڵاودەبنەوە، ئەم جۆرە بابەتە رەنگە تەنها لەنێو کۆمەڵێکی نووسەری دەستەبژێر، یان لەنێو لێکۆڵینەوەی زانکۆکان جێگەی ببێتەوە، دەنا مەعریفەیەکی زیاتری نەخستۆتە سەر

زەینــی خوێنــەری کــوردی.

بەشـی زۆری ئـەو نووسـینانەی کـە لەسـەر دەقـی ئەدەبی دەنووسـرێت لەلایـەن خەندیـک نووسـەرەوە، لـە ئینشـایەک بـەولاوە هیچـی تـر نیین، یان لەژێر کاریگـەری ئیدیۆلۆژیای حیزبـی و یـان شـارچێتی و یـان برادەرایەتـی و یـان هـەر بەرژەوەندخوازییـەک بێـت، لاپەرەیـەک لـە دارشـتنی ناجـۆر پڕدەکەنـەوە بەنـاوی خوێندنـەوەی دەقـەوە، لەکاتێکـدا ئـەو نووسـینە بۆ دەقێکی دیکـەش دەبێت بسـەپێنرێت بەسـەریدا، چونکـە نەخاوەنـی نووسـینەکە بیرۆکەکـە هـی خۆیەتـی، لـە دەقـە ئەدەبییەکـەش ئەوەنـدە دەهێنێـت لەسـەر بنووسـرێت بـەو شـێوەیەی کـە هـەر دەڵێـی لەسـەر دەقـی ئەلیـوت یـان ئۆکتافیوپـاز نووسـراوە، ئـەم سـتایلە نووسـینە ناچنـە نێـو رەخنـە و خوێندنـەوەی ئەدەبییـەوە بەهیـچ شـێوەیەک، تەنها دڵخۆشـکردنی نووسـەرە لەلایـەن نووسـەرێکی دیکـەی بـرادەر یـان خـزم یـان هـاو حیزبـی ییـەوە.

بەر لەهەر شتێک دەبێ ئەوە بزانین کە ڕەخنە وەزیفەیەکی عەقلانیە و لەهەمانکاتیشدا دژی ناعەقڵانیەتە، هەروەها بەڕووە نیگەتیڤەکەشی کارێکە بۆ دوورخستنەوەی خوێنەر لە چێژەکانی ئەدەب، چونکە کاریگەری نیگەتیف دەخاتە سەر خوێنەر بەرامبەر بە تێکستێکی دیاریکراو، بەدیوێکی دیکەشدا خوێنەری دووەم واتە دوای ئەوەی خوێنەری یەکەم کە خوێندنەوە بۆ تێکست دەکات، خوێنەری یەکەم ئاڕاستە دەکات و ڕەواج بە تێکستێکی دیاریکراو دەدات، هەندێکجاریش لەرێگەی ڕەخنەوە تێکست نابووت دەکرێت، ئەم عەقڵانیەتە دژوارییە بۆ ئەدەب و هیچ بەهایەک بۆ ئیستاتیکا ناهێڵێتەوە.

هەڵبەت ڕەخنەگر ئەو کارەی دەیکات دەبێتە هەڵقەیەک لەنێوان تێکستە ئەدەبییەکە و خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەزموون پەیدا بکات و بتوانێ تێکستەکە بنرخێنێ، یان لانیکەم بەرچاوڕوونی هەبێت

سەبارەت بە باگڕاوەندی و ساغڵەمی تێکستەکە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە رەخنەگر بەکەسێکی بەخیل و بەرچاوتەنگ و دڵڕەق ناسراوە لەلای دەقنووسەکان، بۆیە هەوڵ دەدات رەخنە لەدەقەکە بگرێت و لەبایەخی دەقەکە کەمبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە وا ناسراوە کە بەرگری لەخودی ئەدەب دەکات و ئەدەب لە پاکێتی دەپارێزێ لە پێناو خۆشەویستی بۆ خودی ئەدەب خۆی، نەک خاوەنەکەی، بەرووبیەکی دیکەشدا شێوەیەکە لە رەخنەگرتنی کلاسیکی و لاسایکردنەوەی رابردوو، ئەم تیۆرە لەژێر کاریگەری دیالیکتیکیدایە کە گومانی هەبوو لەوەی تێکستێک ئایا ئەدەبە یان نا، بۆیە پێیان دەگوترێت مشەخۆر، چونکە رەخنە و رەخنەگر خاوەنی هیچ بەرهەمێک نییە و تەنها لەسەر بابەتی کەسانی دیکە دەنووسێت، بۆیە بەرهەمی کەسانی دیکەش بەوشێوەیە دەبینن، رستەیەکی بەناو بانگ هەیە دەڵێ (ینقد من لایستطیع ان یبدع) ئەو کەسەی رەخنە دەگرێ ناتوانێ داهێنان بکات. بەڵام سەرەنجام ئەوەی کە رەخنەگر دەیکات، ئەوەیە کە شوناسی دەق و سەربەخۆیی و کاریگەرییەکان پشتی دەقەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەرووبەکی دیکەشدا

روحـــی نووســـەر و روحـــی خوێنـــەر بەیەکتـــر دەگەیێنـــێ لەرێگـەی رەخنـەوە، یـان لەرێگـەی خوێندنەوەکانیـەوە بـۆ دەقەکـە، سـابا ئـەو دەقـە هـەر بابەتێـک بێـت.

## تیۆری ڕەخنە لە ڕەخنەگرتن

ئـەم تیـۆرە یەکێکـە لــە ڕێگەکانـی تیـۆری ئەدەبـی کـە تێکسـتێک لــە گـەورە ڕەخنەگـرەکان هەڵدەبژێرێـت، لەلایەکــەوە بــەدوای موراجەعــەی وتــە ڕەخنەییــە کــەدا دەگەڕێـت، لەلایەکـی دیکـەوە کێشـەی جێگیربوونـی دەقـی ئەدەبـی لەچوارچێـوەی مەبەسـتێکی دیاریکـراودا دەبینێتـەوە، کەواتـە ئەرکی ڕەخنـە لـە ڕەخنەگرتـن ئەوەیـە ئـەو کۆدانــە بکاتــەوە کــە ئامانــج لــە تێگەیشــتنی تاکــە لــە دونیـا و تیـۆرە ئەدەبیـەکان، سـەرتۆپی ئـەم تیـۆرە ڕەخنەییانـەش کەسـێکی وەکـو (تەزفیتانـت تـۆدۆرۆف) ە کـە کتێبێکـی هەیـە بەناونیشـانی (النقـد النقـد). ئـەو لـەو کتێبـەدا لەسیاقێکی گرێدراودا بۆ زاراوە بەکارهاتووەکان دەگەڕێـت و دەڵـێ «وشــەی ڕەخنــە مانــای ئیــرادەی حوکمدانێکـی واقیعییــە بەســەر تێکســتێکدا، ســابا هــەر چۆنێـک بێـت، هەروەهــا جگــە لــە موناقەشــەکردنی تێکســتەکە، بەهــای دەقەکــەش ئاشــکرا دەکات و وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەش دەداتـەوە کـە سـەبارەت بەکەلێنەکانی

دەقەکــە ســەریهەڵداوە، چونکــە ئــەوەی رەخنــە پێمانــی دەبەخشـێت کە لەرێگـەی چەنـد رسـتەیەکەوەیە، ئەوەنـدە خـودی تێکسـتەکە پێمـان نابەخشـێت».

ئــەم جــۆرە رەخنەگرتنــە لەوێــوە ســەرچاوەی گـرت کـە لــەدوای ســەرهەڵدانی نازیەکانــەوە، ئــازادی بەرتەسـک کرایــەوە، بۆیــە لــەدوای ١٩٣٣ کەسـێکی وەکـو ملتیشـینخەری ئاڵمانـی دەیگـوت (دەبـێ رەخنـە لـە رەخنەگرتـن، ئەرکـی لێپرسـراوێتی و پێویسـتییەکی هـەر ئێسـتا بێـت، هەروەهـا دەبـێ سـەربەخۆ بێـت لەهەمـوو ئاراسـتەکان و بەشـێوەیەک کـە خاڵـی بەیـەک گەیشـتنی کلاسـیک و نوێخـوازی بێـت)، ناسـراوترین رائیـدی ئــەم تیــۆرەش وەکــو پێشــتر باســمان کــرد (تەزفیتانـت تـۆدۆرۆف) ە، بۆیـە ئـەم تیـۆرە بەرهەمهاتـووە، چونکـە بەشــێکی ئــەو رەخنانــە کــە لەســەروەختی خۆیــدا لــە تێکسـتی ئەدەبی گیراوە، لەریشـەوە نەبووە و نەتوانراوە رەخنەیەکـی هەمەلایەنـە بێـت و خوێنـەر یـان گوێگـر بـەو سـتایلە مامەڵـە لەتـەک تێکسـت بـکات.

دەروونناسی لقێکە لە لقەکانی مەعریفە بەگشتی، جگە لەوەی بۆ شیتەڵکاری نەخۆشییەکانی ئینسان و ئاژەڵیش کاری پێدەکرێت، لەبواری ئەدەبیشدا ئەم تیۆرە رەهەندەکانی گرێی دەروونی پشتی دەق شیتەڵدەکاتەوە، ئەمە کاریگەریترین تیۆرێکە کە لایەنە شاراوەکانی دەقی پێئاشکرا دەکرێت، بەر لە فرۆید (ئەرستۆ تالیس) گرینگی بەم لایەنەی ئەدەب داوە، ئەرستۆ لەوێدا پراکتیکی کرد کە هەندێک هەڵەی چیرۆکی نێو کۆماری ئەفلاتونی ئاشکرا کرد، بەتایبەتی کە ئەفلاتون شاعیر ی وەکو شێت تەماشا کردووە، ئەرستۆ ئەمەی بە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی تەماشاکردووە لەنێو دەقی ئایرۆنی ئەفلاتون، بۆیە تیۆرەکە سەرەتای سەرهەڵدانەکەی بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە کە هەردوو گرێی ئۆدیب و ئەلکترا پراکتیک کراوە، هەروەها ئەو ئاگاهی و نائاگاهییەی کە دەقنووس تێیدەکەوێت لەکاتی نووسینەوەی دەق، ئەو منە بالایەی کە خۆی وەکو

خـودا دەبینێت و ئـەو نێرجسییەتەی کـە لەنێو دەقەکـەدا دەبینرێـت، ئـەم تیـۆرە لەبـارەی جەوهــەر و ئەزمــوون و رەچەڵەکـی نووســەر و خوێندنــەوە گواســتنەوە لــەم ئەزموونــەوە بـۆ ئەزمونێکـی تـر دەدوێ، هەروەهـا لەبـارەی ئـەو گرتـە ناوەکیانـەی کـە لـە نـاو نووسـەردا هەیـە دەدوێت، ئیدی یـان نهێنیەکانـی یـان نامەکانـی یـان رۆژانـەی کەسـایەتی، مەبەسـت خوێندنـەوەی دانـەرە بـۆ رۆژنامـە و قسـەکردنی بـۆ سـیڤی خـۆی، بـەم هۆکارانـە خوێنــەری دەروونناســی پشــت بــەو داتایانــە دەبەســتێت کـە دانـەر خاوەنـی ئـەو خەسـڵەتانەیە. لەوێـوە تێـدەگات لەژێـر چ کاریگەرییـەک داهێنانـی کـردووە، ئایـا چەپاندنـی سێکسـی یـان کولتـووری یـان سیاسـی بـووە، یـان کاریگـەری دیاردەکانی دەوروپشتی، بەلای جـاک لاکانـەوە ئـەوەی کـە شـیکاری دەروونییـە، ئـەوە دەروونناسـی نییـە، بگـرە ئـەوە گۆڕینـی فۆڕمـی مەرجـداری یـە، خاوەنـی خەسـڵەتێکی گشـتگیرە بـۆ خوێندنـەوەی شـتەکان و دیـاردەکان، چونکـە ئـەو جـۆرە شـیکارییە سـایکۆلۆژییە بـۆ دەق، بەرهەمهێنانـی وەهمـە بـۆ خوێنـەر، هــەروەک لاکان خـۆی دەڵـێ (بوونـی ئـەو دێـڕە چاپکـراوە لەسـەر نەبینینـی، لەلایـەن منـەوە بونیادنـراوە) ئـەم رسـتەیە رێـک

شیکارییەکە بۆ ئەو شیکاریە سست و لاوازانەی کە بۆ دەق دەکرێن، بەوپێیەی کە خوێنەری سایکۆلۆژی چاوی ووردی نییە بۆ دۆزینەوەی مانای پشت دەقەکان، لەکاتێکدا دەروونشیکاری بەرامبەر بەخۆی پەرچەکردار دەبێتەوە، بەوپێیەی کە لەدەرەنجامی نەخۆشییەوە خۆی بەرهەمهێناوە، بۆیە ئەو کلێشەیەکی لەکنەوە هەموو شتێک بەو کلێشەیە دەپێوێت، ئەگەر بابەتە قوڵاییەکی ئەنتۆلۆژیشی وەرگرتبێت، لاکان لێرەدا پێشنیاری چەمکی ژویسانس دەکات، واتە دەستگەیشتن بە داتای تەواو.

فرۆید بەبناغە دارێژەری هاوچەرخی ئەم تیۆرە ناسراوە، ئەو سەرەتا لە کتێبی شیکردنەوەی خەونەکان دا کە ساڵی ١٩٠٠، گرینگیداوە بەو حاڵەتەی کە ئینسان لەکاتی تێکەڵ کردنی وتە و وێنە لە چیرۆک گێڕانەوەدا، بۆ نموونە لە شانۆیی هاملێتی شکسپیر و تاوانی کوشتنی باوک لەلای دیستۆفسکی و خوێندنەوەی داڤینشی کە بۆ سەردەمی منداڵی گەڕاندوویەتییەوە، لەلایی فرۆید نووسینی دەق یان ئەو حاڵەتە پاڵنەرەیە کە سێکس بەسەر نووسەردا زاڵ دەبێت و دەچێتە فەزای دەقێکی نەنووسراودا و بەناچار فشاری بۆدێت بینووسێتەوە، یان ئەو چەپاندنە سێکسییەیە کە لەدونیای پشتی دەقی

نووسەرەکاندا لەژیانیاندا بەسەریاندا هاتووە، یان فەزای کۆمەڵایەتی ئەو دەقەی کە وەکو باگڕاوەندی دەقەکە پشتی پێبەستووە، لەدوای فرۆید ناسراوترین تیۆریستی ئەم تێزە فکریە جگە لە (ئەریک فرۆم)، ناوی (جاک لاکان) ە دیارە کە بەچەپی فرۆیدی ناسراوە و تەواوی بۆچوونی خۆی لە کتێبی (اللغة الخيالية) بەیان کردووە و پاڵنەرەکان بۆ گرێی زمان دەگەڕێنێتەوە.

(ژۆلیا کریستیڤا) نەزم و ئاراستەی شتەکانی گۆڕیوە بەوەی کە پێشداوەرییەکان تێکدەشکێنێ، بەرهەمەکانی ژۆلیا لەدوای دەیەی ١٩٦٠ تا سەرەتایی ٧٠ ناکرێ بەتەواوەتی پاش بنەماخوازی (پۆستستراکتۆرالیزم) کە تیۆرەیەکی رواڵەتخوازیە لەمەڕ زمانی شاعیرانە لەبەرچاو نەگیرێ، بەڵام ئەم مەبەستە دوو مانای هەیە، لەلایەکەوە زمانی شاعیران وەکو سیستمێکی رواڵەتخوازی کە بیرکاریە و لەسەر تیۆری کۆمەڵەکان راوەستاوە، لەلایەکی دیکەوە پێیوایە تەنیا مەجاز نییە، ژۆلیا زۆر بایەخی بە دیالۆگ داوە لەزمانی شاعیرانەدا، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی دەروونناسانەیە بۆ دەقنوس سەبارەت بەدەق.

## تیۆری ریالییەتی

ئـــەم تیـــۆرە بـــەدوای ئـــەو بابەتانەوەیـــە کـــە راســـتەوخۆ پەیوەندییـــان لەگـــەڵ رووداوە واقیعییەکانـــەوە هەیـــە، رەنگـــە هەندێکجـار ئەگـەر دانـەر لەواقیـع دوور بکەوێتـەوە و پشـت بـە خەیاڵـی خـۆی ببەسـتێت، وەکـو شـانۆییە ناواقیعیـەکان کـە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی دوور دەکەونـەوە، بـە بیانـووی ئـەوەی ئـەو روداوانـە رۆژانـە روو دەدەن و پێویسـت نـاکات دووبـارە بکرێنـەوە لـە هونـەردا، کەواتـە ئەوانـە ناواقیعیـن و کەسـی ناواقیعیش موناقەشـەی کێشـەی رووداوە واقیعییـەکان ناکات، ئەمـەش بە زیادەگۆیی لەقەڵەم دەدرێت، بەوپێیەی کە هەمـوو هەوڵەکانمـان رۆژانـە دووبـارە دەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، ئەمـە شـێوەیەکە لـە نەخۆشـی شارسـتانییەتەکان کـە بـۆ یەکتـر بەجێیـان هێشـتووە، لەکاتێکـدا ئێمـە زۆرشـتمان کـردووە بـە ریالیتـی نەگێڕشـدراوە و بزربوونـی کـۆد، کەچـی نموونـەی کەشـتییە ئەفسـوناوییەکەی تایتانیـک کـە هەڵگـری جەوهـەری ململانێـی چینایەتـی و عەبەسـیییەتی مردنـە، خـۆی لەخۆیـدا ئـەم چیرۆکـە ریـاڵ نییـە و درووسـتکراوە،

نووســەری رۆمانێــک ســاڵی ١٨٩٨ بەنــاوی مــۆرگان رۆبێرتسن، هەمـان چیرۆک دەکاتـەوە بـە واقیع کـە بۆخـۆی هەڵهاتـووی واقیعــە و لەبنەچــەدا خەیاڵــە، کەچــی لەســەدەی ١٩ ئــەم خەیاڵــە بـۆ خاوەنــدارەکان توێژێـک لەدەوڵەمەنــدان دەبێتـە کۆشـکێکی ئـارام لەنێو ئـاودا کـە ئەمـە ئایدیـاڵ گشـت کۆمەڵگەیـە ئـەو خەونـە ببیـن، کەچـی چەپگـەراکان کردیـان بـە ماتریالێکی بەهێـز بـۆ لێدانـی ئـەم سیسـتمە بەنـاوی نەبوونـی دادپەروەرییــەوە.

٥: تیــۆری کاریگــەری ناســی: ئــەم متیــۆدە لــە بەراوردکارییـەوە نزیکـە کـە تێکسـتێک لەگـەڵ تێکسـتێکی دیکـە بـەراورد دەکات، لەحاڵێکدا ئـەم تیـۆرە ئێسـتا کاری پێناکـرێ، مەگـەر بەڵگەیەکـی نهێنـی لەسـەر دەقێـک بیسـەلمێنێ دەقێکـی لۆکاڵـی لەژێـر کاریگـەری دەقێکـی تـری بیانـی بەرهەمهاتـووە، ئــەم حاڵەتــە لەرۆژهــەڵات زۆرە، بەتایبەتــی لــە کوردســتان هەیـە و سەلمێنراویشــە کـە زۆرتریـن دەقـی کـوردی لەژێـر کاریگـەری یـان وەرگرتـن یـان بـە ئاشـکرا دزینـی دقەکـەوە تێــوەگلاون، هــەروەک ئــەوەی چەندیــن دەقــی کــوردی لەرێگـەی خوێندنـەوەی بەراوردکارییـەوە ئاشـکرا کـراون یـان کاریگەرییـان بەسـەرەوە بـووە، یـان دەقـاودەق وەرگیـراون و دواتــر ئاشــکرا بــوون.

## تیۆری هێرمۆنتیکی

زاراوەکـە بۆخـۆی لـە بنەچـەدا یۆنانییـە و بەمانـای لێکدانـەوە و راڤەکـردن دێـت، هـەر ئـەم زاراوەیـە قوتابخانـەی جیـاوازی هەیـە و هـەر یەکێـک لەوانـە مانـای فراوانتـر دەدەن بـە تێکسـت، زاراوەکـە لـە بنەچـەدا یۆنانیـە و واتـە لێکدانـەوە و راڤەکـردن دێـت بـۆ دەق، دوای ئـەو دابڕانـە فکرییـە لەگـەڵ یۆنـان، ئـەم تێـزە لـەدوای سـاڵی ١٩٧٠ بـەدواوە هاتـە نێـو بازنـەی رەخنـەی زانسـتی ئەدەبییـەوە و فراوانتـر لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە کـرا و پەسـەند کـرا، ئـەم چەمکـە بـۆ خوێندنـەوە و راڤەکردنـەوە بـۆ هەمـوو لایەنەکانـی ژیانـی مـرۆڤ گونجـاوە و کاری پێدەکرێـت، پێشـەنگی ئـەم تێـزە فکرییـە (هانـس جـۆرج گادامیـرە) کـە بـە کتێبـی (راسـتی و تیـۆر) لـە سـاڵی ١٩٦٠ خـۆی بەرهەمهێنایـەوە، ئـەو لـەو تێگەیشـتنەدا باسـی لەتێکسـت نزیـک بوونـەوە و لـە پرۆسـەی عەقڵیـدا لێکدانـەوەی جیـاوازی هێنایـە ئـاراوە، مەرامـی ئـەم تێـزە تێگەیشـتنە لـە بەرهەمهێنانـی مانـا لـە تێکسـتدا، بـەڵام دوای

گادامیر کەسێکی وەکو (یۆرگن هابرماس) رەخنەی لەو تێزە فکرییە ئەدەبیە گرت و جگە لە گومان، بەڵکو بەدگومانی پەیدا کرد لە و تێگەیشتنە بۆ تێکست.

ئەم بابەتە واتە تیۆر، بابەتێکی هەستیاری فکرییە کە پێدەچێ لەمدواییەدا کەمتر بایەخی پێدرابێت لەفەزای ئەدەبیدا لەرۆژهەڵات، بەڵام کارەکە لەمێژە هەیە و هیچ کەلێنێکیشی بۆ ئیستاتیکا و هونەرەکانی دیکەی ئەدەب نەهێشتۆتەوە، بەوپێیەی کە دەیان بیرمەندی ئەم بوارە بەم کارە هەڵساون، «بۆ نموونە (فیلاریت شال) بە بیست بەرگ بەرهەمە بەناو بانگەکەی چاپکردووە و ناونیشانی گشتی (لێکۆڵینەوە بە تیۆری ئەدەبی بەراوردکاری) ١٨٤٧_١٦٦٤ هەبووە. لە ئەنجامی ئەمەوە هەموو بنەمایەک هەیە بۆ ئەو دانەرانەی ناویان هات بە هەوەڵین بەراوردکاری دابنێین، هەرچەندە نابێ جارێ سێ هەبوونی تیۆرۆلۆژیا بکەین، لەسویسراش لە هەوەڵین دەیەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە لایەنگرانی ئەدەبی بەراوردکاری پشتگیری گەرمی لێکرا، دوابەدوای سیسمۆندی کە بەرهەمی دەربارەی باشوری ئەوروپا لە١٨١٣ هەبوو، (جیۆزیف گۆرنۆنگ) پسپۆڕی بەراوردکاری یاسا

بـووە، پێشـنیاری بـۆ دەکـرێ کـە کۆرسـێک دەربـارەی ئەدەبناســی بــەراورد لــە لــۆزان بەڕێوەبەرێــت (١٨٥٠) لـە زانکـۆی ژنێـف بەدرێژایـی نیـوەی دووەمـی سـەدەکە هەنـدێ لــە بــەراوردکارە بــە ناوبانگەکانــی وەک رێشــا رمۆنــێ و رۆد، هــاوکاری یەکدییــان کــردووە، هەروەهــا توێـژەرە ئیتاڵیەکانیـش کـە لەنێویانـدا و پێـش هەموویـان دەبــێ نــاوی (نیکۆڵــۆ ئۆگۆفۆســکۆلۆ) بهێنیــن کــە زۆر نەبــووە ببێتــە پرۆفیســۆری وانەبێــژی زانکــۆی پاڤییــان (بنــەوان و ئەرکــی ئــەدەب) ١٨٠٩ کــە وانــەی دەگووتــەوە لەچەردەیـەک کێشـەی ئەدەبناسـی و بەراوردیش دەدوا».

قســەکردن لەســەر تیــۆر شــتێکی ئاســان نییــە، چونکــە وەکــو پێشــتر باســمان کــرد پێناســەی جۆراوجــۆری هەیــە، یەکێـک لــەو پێناسـانەش بریتییـن (لەوەسـف یـان مانـای گشـتی بـۆ دەق)، سـابا هـەر دەقێکـی ئەدەبی بێت، گرینـگ ئەوەیـە پێناسـەیەکی دیکـە ئەوەیـە کـە بریتییـە (لەلێکۆڵینــەوە یــان شــیکردنەوەی تێکســتێک بەرمەبنــای فکرێکـی دیاریکراو)، یـان تێکستێکی ئەدەبی و فۆلکلـۆری یــان زانســتی و هتــد، لەپێناســەیەکی دیکــەدا (رۆمــەن یاکۆپســن) (١٨٩٦_١٩٨٢) زمانناســی ئەدەبــی روســی، پێیوایـە بەکارهێنانـی تیـۆر، بەمانـای گەنجبوونـەوەی دەق

دێت، سەرهەڵدانی ئەم چەمکە فکرییە بە ڕێوڕەسمێکی مێژووییدا تێپەڕیوە و لقی جیاوازی لێبۆتەوە، وەکو تویژینەوە لەزماننناسی و ئەنتۆلۆژی کە پێشتر ناومان هێنان، هەریەک لە (لیڤی شتراوس و تەزفیتانت تۆدۆرۆف) سەرمەشقی بوون، بەو پێیەی کە زۆربەی چەمکە فەلسەفییەکان سەرچاوەکەی ئەسینایە، بۆیە یەکەمین جار کەسێک کە زاراوەی تیۆری بەکارهێناوە، (ئەفلاتۆن) بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر سیستمی دەوڵەت کە ئەوکات بەدەوڵەتشار ناوینراوە، دوابەدوای ئەویش (ئەرستۆ) بۆ هونەر و ئەدەب و سیاسەت کاری پێکردووە، دواتریش لەسەردەمی ڕێنسانسدا کەسێکی وەکو (فرانسیس بیکۆن) کە سالی ١٦٢٦ کۆچی کردووە و کەسێکی وەکو (دیکارت) لەسەدەی حەڤدەهەم لەبواری عەقڵ و ئاشکراکردنی هەقیقەت و لەبواری زانستدا کاری پێکردووە، لەدوای ئەو کەسێکی وەکو (ئەمانوئێل کانت) کە لەساڵی ١٨٠٤ لەبوارەکانی تیۆرۆلۆژیادا و ئەخلاق و سیاسەت زاراوەی تیۆری بەکارهێناوە، دوای ئەویش (کلۆد بێرنار) لەساڵی ١٨٧٨ کاری بەتیۆری واقیعیانە کردووە و گوتوویەتی، بەمپێیەش بێت « تیۆر یەکێکە لەو شێوە زانستانەی کە بەنەفعی خۆی

دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە تایبەتـە بەئەزموونگەرایی لەزانستێکی دیاریکراودا. بـەڵام هەمـوو ئـەو فەیلەسـوفانە لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە تیـۆر کارێکـی زەحمەتـە و زۆرجـار بەرهەمـی راسـتەقینە و کۆنکرێـت بەدەسـتەوە نـادات و رێگـە بەبۆچوونـی دیکـە دەدات».

هــەر لەمبارەیــەوە (رینــێ وێلــک) رەخنەگرێکــی بەناوبانگـی بـواری ئەدەبـە و وای پێناسـەکردووە کـە دەتوانـرێ لەرێگـەی تیـۆرەوە لێکۆڵینـەوە لەبایەخـە سـەرەکییەکانی ئـەدەب بکەیـن و لەوێـوە دەتوانیـن ئـەدەب لەکایەکانـی دیکـە جودابکەینـەوە و وەزیفـەی ئـەدەب دیاریبکەیـن. مـن بۆیـە دەمـەوێ لەمباسـەدا ئەدیبـی کـوردی لـەم سـەردەمەدا سـەرقاڵی تیۆربێـت بەتایبەتـی تیـۆری دەروونناسـی، بـۆ ئـەوەی کـە دەسـت دەبـات بـۆ خوێندنـەوەی دەقێکـی کـوردی، پشـت بـە تیۆرێکـی دیاریکـراوی ئەدەبی ببەسـتێت، نـەک ئـەو هەڕەمەکییـەی کـە لـە دونیـای ئەدەبیـات و خوێندنـەوە بـۆ دەقـی کوردیـدا دەبینرێـت، ئـەم سـەرقاڵییە دواتـر دەرەنجامـە پۆزەتیڤییەکـەی دەبینرێـت، وەختێـک هـەردوو جـۆرە خوێندنەوەکـە بـەراورد دەکەیـن.

ڕەنگە تیۆر یان تیۆری سیستمی کۆمەڵایەتی، سەختترین تیۆرێک بێت کە دەتوانێ فەلسەفەی بوونی زمان و جۆرە جیابووەوەکانی ئاشکرابکات، یان ئەوەی کە هەندێکجار فەلسەفە بایەخی تەواوی پێداوە کە لەرەوتی مێژوودا شیکاری کردووە و کۆمەڵگەش درەکی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە و دواتر گەشەی کردووە، ئەوەی لەبارەی ئەدەبدا کاری پێدەکرێ، بۆ نموونە تیۆری نموونەدانانە کە بۆ کاری دیکیۆمێنتاری کەڵکی لێوەر دەگیرێت و تیۆری هەستیاری کە بۆ داتاخوازییە و تیۆری پێکهاتەخوازی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەمرۆناسییەوە هەیە و گومانخوازی و زنجیرەیی و هتد کاری پێدەکرێ.

ئەو تیۆرانەش کە لەبواری کۆمەڵناسیدا کارییان پێدەکرێ. تیۆری بنەڕەتی یە، بۆ نموونە وەکو پێشتر باسمانکرد تیۆرەکانی ئەفلاتون بۆ پەروەردە، ئەرستۆ بۆ سیاسەت و ئەدەب، ئەرخەمیدس و باسکاڵ بۆ یاسا فیزیکیەکان و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئایین، نیوتن بۆ کێشکردنی زەوی، دیکارت بۆ تاکگەرایی و زانستەکان و عەقڵ، ماکس فیبەر بۆ سۆسیۆلۆژی سیاسی، هانس جۆن گادامیر و پۆل ریکۆر بۆ هێرمۆنتیکا و رۆلان

بـارت بـۆ شـیتەڵکردنی دەق لەئەدەبـدا، میشـیل فۆکـۆ بـۆ بونیادگـەری کۆمەڵایەتـی و درێـدا بۆشـیتەڵکاری فـراوان کە هەڵوەشـانەوەگەراییە و هتد. ئەمانـە هەریـەک لەشـوێنی خۆیانـدا جێکەوتەبـوون و دواتریـش بـوون بەبنچینەیـەک بـۆ ئـەو تیۆرانـەی کـە لـەدوای ئـەوان سـەریانهەڵدا.

## دانراوەکانی نووسەر

١: تونێڵەکانی ئەوین. شیعر. ساڵی ١٩٩٩

٢: جەنگ و نێوانەکان: بابەتی فکری. ساڵی ٢٠٠٣

٣: دەنگێک لەسێبەردا. شیعر. ساڵی ٢٠٠٤

٤: میتـوۆ د و جیـاوازی. لێکۆڵینـەوە لـە فەلسـەفەی مارکس. سـاڵی ٢٠٠٨

٥: ناسـیونالیزم و دژەکانـی. بابەتـی فکـری سیاسـی. سـاڵی ٢٠٠٩

٦: ئاییـن و کەمینـەکان: بابەتـی کۆمەڵناسـی. لێکۆڵینـەوە لـە ئاینزاناکانـی کوردسـتان. بەرگـی یەکـەم. ٢٠١٠

٧: نامـە فەلسـەفیەکانی مارکـس. وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە. تێکسـتی مارکـس و ئەنگڵـس. سـاڵی ٢٠١٠

٩: کتێبەکان: شیعر. ٢٠١١

١٠: المـوت. دیـوان شـعری باللغـة العربیـة. وەرگێڕانـی بـۆ زمانـی عەرەبی. کۆمەڵێک نووسـەر و وەرگێـڕ. سـاڵی ٢٠١٣

١١: ڕەهەندەکانـی مـردن. لێکۆڵینـەوە لـە چەمکـی بـوون و مـردن. سـاڵی ٢٠١٦

١٢: دەوڵەت: لێکۆڵینەوە لە چەمکی دەوڵەت. ساڵی ٢٠١٧

١٣: رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا . توێژینەوە لە چەمکی رۆشبیر و دەسەلا ت. ساڵی ٢٠١٨

١٤: ناسیونالیزم. فکر و سیاسەت. ٢٠١٨

١٥: گوناح و ئیمان. توێژینەوەی فکری و مەیدانی لە گروپە ئیتنییەکانی کوردستان. ساڵی ٢٠١٩

١٦: ئاژاوەی با. دیوانی شیعری. ساڵی ٢٠١٩.

١٧: مارکس لە نێوان میتۆد و جیاوازی.. فەلسەفە ٢٠١٩

١٨: ژانرا ئەدەبیەکان

**ئەم کتێبانەش ئامادەی چاپن.**

١: رەخنە و ئاراستەکانی: رەخنەی ئەدەبی

٢: چاوپێکەوتنەکان. موناقەشەی چەمکەکان

٣: ئیستاتیکا.. دیالیکتیکی عیشق و سێکس. توێژینەوەی فکری.

٤: وەهمی دیموکراسی.. لێکۆڵینەوەی فیکری سیاسی

## پێرست


پێشەکی.......................................................................... ٥
دەق و خوێندنەوە................................................................ ٨
چەمکی ئەدەبی ................................................................ ١١
دەق و دانەر..................................................................... ١٥
باوکسالاریێتی دەق............................................................. ١٩
دەقاوێزان (التناص)............................................................ ٢٣
سایکۆلۆژیای دەق.............................................................. ٢٧
دەقی دەربار...................................................................... ٣١
دەقی فیستیڤاڵی................................................................ ٣٥
دەق و تەکنۆلۆژیا............................................................... ٣٩
ئەخلاقیاتی خوێندنەوەی دەق.............................................. ٤٣
دەقی هایکۆیی................................................................... ٤٧
دەقی فۆرمالیستی............................................................... ٥١
مانیفێستۆ......................................................................... ٥٥
دەقی ناکامل..................................................................... ٥٩
دەقی وەرگێڕدراو............................................................... ٦٢
ستۆری «چیرۆک».............................................................. ٦٦
نهلیزم لەفەزای ئەدەبی کوردی............................................. ٧٠
مانا و پێناسەی میتۆد......................................................... ٧٤
تیۆری رەخنەیی کۆمەڵناسی................................................ ٨٤
تیۆری رەخنە لە رەخنەگرتن................................................ ٨٧
تیۆری دەروونناسی............................................................ ٨٩
تیۆری ریالییەتی............................................................... ٩٣
تیۆری هیرمۆنتیکی............................................................. ٩٥